عــەباس کــەمــەندی ناوێکە پڕ بە مــانای وشــە هونەرمەندە، ئەو پیاوە کەسێکی هەستیار و خاوەن بەهرەیەکی تایبەتمەند و مەزنە. پێشتر دووراو دوور دەمناسی و بە هونەرەکەی ئاشنا بووم، بەڵام کە لە نزیکەوە دیم و ناسیم زۆرتر خۆشم ویست و باری سەرنجێکی دیکەی لەلا دروست کردم. سەرەڕای ئەوەی لە هونەرەکەی خۆیدا خاوەنی شێواز و ستایلی تایبەتی خۆیەتی، بەڵام دەبینی لە ژیانی تایبەتی خۆشیدا شێوازی ژیانێکی هونەرمەندانەی هەیە، بۆیە دەڵێم تا لە نزیکەوە نەیناسیت بە تەواوی لەو بەهرە و ئیحساسە جوان و دەوڵەمەند و بەبژوێنەی تێناگەیت، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەم هونەرمەندە یەکێکە لەو کەسە دەگمەنانەی هونەرێکی تایبەتی و دانسقەی هەیە کە زۆر کەم دووبارە دەبێتەوە، ئەو بێجگە لە دەنگخۆشییەکەی ئاهەنگساز (ئاوازدانەر)، شاعیر، نیگارکێش، ڕۆماننووس، سیناریست، مێژوونووس، باسکار و...تاد.

ئەو جۆرە هونەرمەندانە مولکی نەتەوەیەکن، ناکرێ لە گۆشەیەکی بەرتەسکی حزبی و سیاسیی توندیان بکەین، چونکە ئەوانە گەنجینە و سەرمایەیەکی بەهاداری ئێمەن، کارەکتەری زیندوون و کاریگەرییان بەسەر ڕوحی تاکەکانییەوە هەیە، دەبێ هەموو دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێنرێ و زەمینەیان بۆ ساز بکرێ تا بتوانن وەک ئەوەی هەن دەرکەون و خۆیان بە هەوادارانی هونەر و ئەدەبیات بناسێنن و ببنە مایەی زیاتر چەسپاندنی کۆڵەگەکانی ڕەسەنایەتی.

هاوار بەماڵم لە جیاتی ئەوەی کورد شانازی بەو جۆرە هونەرمەند و بەهرەدارانەی خۆیەوەیە بکات و دەست بە سنگ و دەستەونەزەر بۆیان بووەستن کە لەناو



عەباس کەمەندی:
گۆرانی فارسی کاریگەریی لەسەر من نەبووە، من کاریگەریم لەسەر گۆرانی فارسی هەبووە.. جار جاریش لە سەرمی داوە هەموو بەرهەمەکانم بەرمە سووچێک و ئاگریان تێبەردەم.

هەڤپەیڤین:
ئازاد عەبدولواحید

نەتەوەکەماندا پیاوی بەهرەدار و داهێنەری وەک ئەوانەی تێدایە، یان لەباتی ئەوەی تا لە ناوماندا دەژین نازیان بکێشێن و ڕێزیان لێ بگرین و کار و بەرهەمەکانیان بە چاپ بگەیەنین و گۆرانییەکانیان تۆمار و کلیپ بکەین، کەچی داخەکەم (لەناو قەومی بەسیتا نییە قەدری سنعەتکار)، ئەو بەهرە گەورەیە لەو تەمەنەیدا کە تەندروستی خراپە و گرفتی ژیانی هەیە، لە جیاتی ئەوەی گلەیی و سکاڵای لەدەست خراپیی ژیان و گوزەرانی خۆی هەبێت و باسی پشت تێکردنی داوودەزگاکان و عەزیەتدان و دەستی دەستییەکانیان بکات، دەبوو کەسانی پەرۆش و خەمخۆر پشتیوانی لەخۆی و لە کار و پرۆژەکانی بکەن.

لەدوای ساڵی ١٩٩٨ سێ کەرەت سەردانی ئەودیوم کردووە، ڕاستە سەردانەکانم زیاتر بۆ کاری تەندروستی خۆم بووە، بەڵام هەر جارێک چووبێتمە ئەودیو، لە هەر کوێ بووبم سەردانی شاری سنەی پێتەختی ئیمارەتی ئەردەڵانم کردووە، لە هەموو ئەو سەردانانەمدا گەرەکم بووە بە تایبەتی عەباس کەمەندی بەسەر بکەمەوە، بەڵام جاری یەکەم لەبەر نەخۆشی و جاری دووەم بەهۆی ئەوەی بۆ چارەسەر چوو بووە دەرەوەی شاری سنە نەمتوانیوە ببینم. ئەم جارەشیان دوای سێ ڕۆژ خەریک بوون لەگەڵ برادەرانی ئەو شارە ئەوجا توانیم بیدۆزمەوە، چونکە ماڵەکەی بۆ گەڕەکێکی دی گوێزرابووەوە، تا ئەوە بوو ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٢/١٥ لەگەڵ هاوڕێیان: ڕۆژنامەنووس عەلی دەسماڵی و فۆتۆگرافەری ناسراو هیوا ئەدەبی (کە وێنەکانی ئەم هەڤپەیڤینەی گرت) بە خزمەتی گەیشتم و لە چەند کاتژمێرێکدا ئەو گفتوگۆیەم لەگەڵی سازدا.

ڕامان: زۆرم پێ خۆشبوو ئەم جارە ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخسا تا بتوانین لە نزیکەوە گفتوگۆیەکی فراوان سەبارەت بە وێستگە و قۆناغەکانی ژیانی هونەری و ئەدەبی و ئەو کارانەی کردووتە قسە بکەین.

عەباس کەمەندی: قوربانت ماڵی خۆتە.. هام لە خزمەتتا.

ڕامان: لەپێشەوە حەز دەکەم هەنگاو بە هەنگاو و پێ بەپێ لەگەڵتان بچینە پێشەوە تا باسێکی ئەو کەشوهەوا و جۆری ژیانەی خانەوادەکەتان بکەین و بپرسین: ئایا

عەباس کەمەندی – ئازاد عەبدولواحید

ئەو ژینگەیەی تۆ لەناویدا ژیانت بەسەر بردووە، چەندە هاوکارت بووە لەوەی ڕووبکەیتە دنیای هونەر و ئەدەبیاتەوە؟

عەباس کەمەندی: بنەماڵەی باوکی من عەشیرەتی بوون، لە عەشیرەتی قاڵقاڵی بوون، ئیشیان فەلاحی و قەسابی بووە، بەڵام هەموو کات باوە گەورەم شمشاڵی دەژەند، چەند مامم و پوورم دەنگ خۆش بوون، منیش لەو دنیایەدا وردە وردە گەورە بووم. هەر لە منداڵییەوە ئەدەبیاتی کۆنی فۆلکلۆری کوردیم ناسی، لەبەر ئەوەی ئێمە بنەماڵەیەکی نەریتی بووین، گۆرانی ڕەسەنم ناسی و لەگەڵ (عەتائوڵڵا سەعید مەنسوور) ئاشنا بووم خوا لێی خۆش بێت کە یەکێک لە گۆرانیبێژە باشەکانی ناوچەی گولباخی و قاڵقاڵی بوو. ئیتر دوایی هەر ژینێتیکی ئەو حەزەم تێدا بوو، چونکە ڕاستە من بابی خۆم نەدیتووە، بەڵام دەیانگێڕاوە و دەیانوت نەقاشی خاڵکوت بووە، ڕۆستەم و سوهراب و ئەوانە و چەند بەرهەمێکیم لەسەر لەشی خەڵک دیتووە کە گوتوویانە ئەوە باوکی تۆ بۆمانی ساز کردووە. ئەوانەم بەشێوەی ژینێتیک لەگەڵ بوو، بەڵام ئیدی نازانم خۆشم بڵێم چی؟

ڕامان: ئەی عیشق چ کاریگەرییەکی بەسەر ژیانتەوە بووە؟ یان چەند هۆکار بووە بۆ چوونە نێو دنیای هونەر و ئەدەبیاتەوە؟

عەباس کەمەندی: من لە تەمەنێکی زۆر بچووک ئاشق بووم، لەگەڵ دایکم دەچووین بۆ حەمام، لەنێو حەمامی ژناندا، کچێکی هاوتەمەنی خۆمم بینی، ئاشقی ئەو کچە بووم، ئەوەندە منداڵ بووم نەمدەزانی، من ڕووت و

ئەویش ڕووت تەماشام دەکرد. ئەو هەستەم هەبوو کە ئەو جەستەیە خراپ بووە و تێکچووە و نەماوە و وەک من نییە. ئیدی (پێدەکەنێ) لەو تەمەنەوە ئاشق بووم و زۆریشم ناخۆشی چەشت.

ڕامان: ئەو ناخۆشییانەی لەو پێناوەدا چەشتووتانە چییە؟ دەتوانی باسیان بکەیت؟

عەباس کەمەندی: ئەوە بابەتێکی تایبەتییە و نامەوێ باسی بکەم.

ڕامان: کەی یەکەم بەرهەمی خۆت نووسی؟

عەباس کەمەندی: من شیعر نووسینم لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە دەست پێ کرد، بەڵام لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا شیعرەکانم ڕووی مەجلیسیان هەبوو، زۆرجار باوەڕیشیان نەدەکرد ئەوە شیعری من بێ. لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا بە کوردی (تەزمینی) شیعری حافزم کرد.

ڕامان: پێدەچێ کاریگەریی بەرەی ماڵی باوکت بەسەرتەوە زیاتر بووبێ، تا ماڵی دایکت؟

عەباس کەمەندی: بۆ دەنگ خۆشی و بۆ شیعر و ئەدەبی فۆلکلۆر بەڵێ وا بوو، باوەگەورەی من زۆر پابەندی کەلەپووری کوردی بوو، نەخوێندەواریش بوو، تەنانەت دژی خوێندەواریش بوو، حەزی نەدەکرد لەناو بنەماڵەکەیدا کەسێک خوێندەواری هەبێ، دەیگوت کەسێک خوێندەوار بێ کافر دەبێ. باوە گەورەم سەد و بیست و چوار ساڵ تەمەنی کرد. من تەمەنم چل و پێنج ساڵ بوو، کە باوە گەورەم فەوتی کرد. ئەوانە کاریگەرییان لەسەرم هەبوو، مامم خوا عافووی کات زۆر دەنگ خۆش بوو. قاوەخانەیەک لێرە هەبوو پێیان دەگوت قاوەخانەی پاڵەوان عەزیز ڕەحمانی، عەزیز ڕەحمانی مامم بانگ دەکات و دەڵێ سەدیق وەرە، بڕێک بە دەنگی حەسەن زیرەکانە گۆرانی بڵێ، سەدیقیش گۆرانی دەڵێ و ئیدی نازانێ حەسەن زیرەک لەوێیە. حەسەن زیرەکیش مەست دەبێ دەڵێ هەتیو لە هەر کوێ بێ من دایکی تۆم گاوە. مامم یەخەی دەگرێت، عەزیزخان پێی دەڵێ کاکە دانیشە ئەوە حەسەن زیرەکە. دەنگی لە حەسەن زیرەک خۆشتر و جوانتر بوو، بەڵام بە شێوازی ئەو نەبوو.

ڕامان: دەنگخۆشییەکەی تۆ چووەتەوە سەر دەنگخۆشییەکەی ئەو مامەت؟

عەباس کەمەندی: من شێوازی خۆم بۆ گۆرانی وتن هەیە، قەت لاسایی کەسم نەکردووەتەوە.. ئەوەبوو ئیتر توانیم لەم مەیدانەدا کار بکەم.

ڕامان: یەکەم کەڕەت شیعرت نووسی و چوویتە لای شیعر، یان گۆرانی وتن؟

عەباس کەمەندی: یەکەم جار بە شێوەکاری دەستم پێ کرد. ئەو هەستەی کە هەمبوو سەرەتا بە شێوەکاری دەرم دەبڕی.

ڕامان: بە شێوەکاری دەستت پێ کردووە، کەچی تۆ ئێستاشی لەگەڵدابێ وەک شێوەکارێک دەرنەکەوتووی و نەناسراوی؟

عەباس کەمەندی: گۆرانی گوتنەکەم هەموو شتێکی خستە ژێر چنگی خۆی، تەنانەت شیعر و ڕۆمانەکانیشم لەبیرکران. لێرە ناوەندێکی بڵاوکردنەوە لەناو زانکۆی سنە هەیە کە زۆربەی بەرهەمەکانی خۆم پێداون، خوا یار بێت دیوانی فارسی شیعرەکانم چاپ دەکەن، دیوانی کوردیی شیعرەکانم جیاوازە.

ڕامان: ئەوە کۆی بەرهەمە شیعرییەکانتە؟

عەباس کەمەندی: لەوانەیە تا پێنج سەد لاپەڕەیەک بگرێتەوە.

ڕامان: دەمەوێ بزانم ئەو دیوانە هەموو ئەو شیعرانەیە کە بە درێژایی ژیانی خۆت نووسیوتە؟

عەباس کەمەندی: هەمووی نا، لەبەر ئەوەی زۆربەی شیعرەکانم بە کەڵکی چاپ نایەن، ناوەڕۆکەکەیان تایبەتە، دیارە بۆ کاتێکی دیکە هەڵم گرتوون، ئەوەی بکرێ ئەمڕۆ چاپ بکرێن، ئەوان چاپی دەکەن.

ڕامان: پێشتر هیچ شیعرێکت فەوتاوە؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ دەفتەرێکم لە ماڵ گواستنەوەدا لێ ون بوو، دەفتەرێکی دوو سەد لاپەڕەیی بوو، شیعری جوانی تێدا بوو، دیارە بەشێکی لەناو دەفتەری دیکەدا هەبووە، بەڵام بەشێکی فەوتا.

ڕامان: تۆ لە شیعر نووسیندا تا چ ڕادەیەک خۆت بە نوێخواز دەزانی؟

عەباس کەمەندی: دەزانی ئێمە بە ئەدەبیاتی کلاسیک گەورە بووین، من شیعری نوێشم هەیە، بەڵام زۆر باوەڕم بە شیعری نوێ نییە، هەم بە کوردی و هەم بە فارسی، ئەوە بیروڕای منە. شیعرێک کە نەتوانی لەبەری بکەی و لە شوێنێک بیخوێنیتەوە، پێم شیعر نییە.

ڕامان: زیاتر مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەگەر شێوەی

شیعرەکانت کلاسیکین، خۆ لەوانەیە ڕوانینەکەیان بۆ ژیان نوێ بێ؟

عەباس کەمەندی: شێوە کلاسیکە، بەڵام ڕوانینم نوێیە، هەر شیعرێک ئی سەردەمی خۆیەتی. چ من بە عەمد بمەوێ بەرەو نوێخوازی بڕۆم، یان نەڕۆم، خود بەخود ئەگەر شاعیربم، چونکە شیعر بابەتێکە دێتە ناو مێشکتەوە، ئەو بابەتەم بۆیە باس کرد، چونکە هەموو شتێک تێکەڵی سیاسەت کراوە، ژیان و سەردەم و هەموو شتێک لەو شیعرەدا خۆی دەبینێتەوە. یەکێک لە شیعرەکانم کە زۆر لەناو خەڵکدا هەم لەودیو و هەم لەمدیو کەوتە سەر زمان، (پێم دەڵێن فەرموتە شێتم ئەی بە قوربان ئەودەمە) ئەوەت بیستووە؟

ڕامان: بەڵێ ئەوە کراوە بە گۆرانی و لەلای ئێمە لە ئێزگە و تەلەڤزیۆنەکاندا ناوبەناو گوێمان لێی دەبێ.

عەباس کەمەندی: ئەوە شیعری منە، قالبەکەی کلاسیکە، بەڵام ئەگەر باش تەماشای بکەی ناوەرۆکی شیعرێکی ئەمڕۆییە، من خۆم زیاتر حەزم لە شێوەی شیعری کلاسیکە، بە تایبەتی قالبی کلاسیکی کوردی کە دەبێ بە (هیجایی) نەک عرووز.

ڕامان: دیارە زیاتر لەناو شیعری کلاسیکدا قووڵ بوویتەوە؟

عەباس کەمەندی: تاڕادەیەک.

ڕامان: نالی و مەحوی و مەولەوی و ئەوانە دەخوێنیتەوە..

عەباس کەمەندی: بەڵێ نالی، سالم، وەفایی، ئەمانەم خوێندووەتەوە، بەڵام من لە ناو ئەوانەدا نەمدیتووە کە لەژێر کاریگەری عەرەب، یان فارسدا نەبووبێتن، شیعرەکانی وەفایی شوێن پێی حافز و سەعدی و وەحشی بافقی و ئەمانە دەبینی، من شاعیرە عەرەبەکان ناناسم.

ڕامان: وەک ئاگادارین زانیاری باشت لە بارەی ئەدەبیاتی هەورامیشەوە هەیە؟

عەباس کەمەندی: کاریگەرترین شیعرێک کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەبێ و ڕەسەنایەتی خۆی پاراستبێ، شیعر و ئەدەبیاتی هەورامییە. من زیاتر حەز لە ئەدەبی هەورامی دەکەم.

ڕامان: شیعرەکانی تۆ زۆرتر دەچنەوە لای شیعری لیریک کە ئەوانە پتر بۆ گۆرانی دەشێن؟

عەباس کەمەندی: ڕاستە من شیعری گۆرانیم هەیە، کە شیعری گۆرانی لە شیعری دی جیاوازە.

ڕامان: شیعرەکانت ئاهەنگسازی و لیریکیان تێدان.

عەباس کەمەندی: شیعری من غەزەلن و لە ڕوحی شاعیر سەرچاوەیان گرتووە، هیچ حەزێکم لە شیعری شەڕ و کوشتوکوشتار و ئەو شتانە نییە و بۆ کەس باسی شەڕ ناکەم، بەڵام ئەوەی دەروونم ڕوون دەکاتەوە و تەنیاییەکانمی لەگەڵ دابەش دەکەم، عیشق و خۆشەویستی بووە بۆ مرۆڤ، تەنانەت ئاژەڵیش، من زۆرتر لەو بارەوە شیعرم نووسیوە.

ڕامان: دەکرێ لەو قسانەتان ئەوە هەڵێنجین بێجگە لەوەی لەناو دەوروبەرەکەی خۆتاندا کەسانی بەهرەمەند هەبوون و کاریگەرییان لەسەرتان هەبووە، هۆیەکی دیکەش عیشقە کە بۆتە هەوێنی شیعر نووسینت؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ وابووە، بەڵام من لە کەسوکارم شیعر وتن فێرنەبووم، شیعرم لێ بیستوون، ئەوان لەگەڵ شیعر ئاشنایان کردم.

ڕامان: هیچ کەسێک ناتوانێ کەسێکی دی فێری شیعر نووسین بکات، ئەگەر وابوایە، ئەوە هەموو خەڵک دەبوونە شاعیر، بۆیە منیش هەر ئەوەم مەبەستە کە تۆ دەیفەرمووی.. باشە لەلای تۆ ڕۆڵی عیشق گەورەترە، یان دەوروبەرەکەت؟

عەباس کەمەندی: عیشق تەنیا شتێکە کە هەموو هونەرمەندێک و هەر کەسێک ئەفراندنی جوانی دەکات، دەبێ ئاشق بێ، ئەگینا ناتوانێ کاری هونەریی بکات.

ڕامان: هۆی چییە جار بەجارێک شیعرەکانت لە گۆڤارێک، ڕۆژنامەیەکدا بڵاو نەکردووەتەوە؟

عەباس کەمەندی: بەو شێوەیەم پێ خۆش نەبووە، چونکە تەنیا ئەو شیعرەم کە بڵاوبووەوە، چوار- پێنج کەس بوونە خاوەنی، یەک وتی من وتوومە و ئەو وتی من وتوومە. گۆڤاری سروە نامەی بۆ نووسیم کاکە چەند کەس دەڵێن ئەو شیعرە ئی منە. شاهیدیان هێناوە.. وتم باشە من شیعرێکی دیکە دەڵێم لە داشۆڕین (مەزەمەت)، ئەو کابرایە با بێت و هەر بەو وەزن و قافیەیە شیعر بنووسێ، من هەست بە کەمییەک ناکەم. ئیتر نەکراو ڕۆیشت. با شیعرێکی دیکەت بۆ بڵێم.

سەد جار ئەگەر بمکوژی و چاکم کەیەوە
دیسان بە دەستی خۆت هەلاکم کەیەوە
سەد جار ئەگەر بە دەستی خۆت بمنێژی

لە خاک دەرم بێنی و خاکم کەیەوە
مردن نییە مەرگی من بەخوا کاتێکە
لە بیر و خەیاڵی خۆت پاکم کەیەوە

ئەمە شیعری منە، دەیدەم بە جەنابت دەیبەی چاپی دەکەی، دە نەفەر دەڵێن هی منە، کابرا پێنج- شەش جار بەخۆی دەیخوێنێتەوە، وادەزانێ ئەو تووپەتی، جا وەرە بیسەلێنە کە ئەوە شیعری ئەو نییە. (پێدەکەنێ).

ڕامان: ئەی وەکو ڕووت کردە گۆرانی گوتن و ئاوازدانان، لەپاڵ ئەوە ژەنینی هیچ ئامێرێک فێرنەبووی؟

عەباس کەمەندی: نا من حەزم لێی نەبوو، ئەڵبەت من ئاهەنگسازی بە ئامێر دەکەم.. ئەوە سێ تارم هەیە، بەڵام ئامێرژەن نیم و هەر بۆ خۆم دەیکەم. زۆربەی ئەو گۆرانییانەی بیستووتە کاری خۆم بووە، بەڵام شیعرەکانی زیاتر لە شاعیرەکانی هەورامان هەڵمبژاردوون و کەڵکم لێ وەرگرتوون و بەخۆشم لەگەڵیان بوومەتە شەریک و تێکەڵاوم کردوون. بەداخەوە بەو جۆرە نەمتوانی بەردەوام بم، ئەگەر ئەمڕۆ بمرم لانی کەم سی گۆرانی جوان لەگەڵ خۆم دەبەمە ژێر گڵەوە، کەسێک نییە بتوانێ بیانڵێ و بیدەمێ بڵێم تۆ ئەمە بخوێنە، مەگەر عەباس کەمەندی-یەکی تر دووبارە بێتەوە سەر دنیا، کە من تا ئێستا بەو قورگ و گەروو و دەنگە نەمدیوە، منیش پارەم نەبووە خۆم کاری لەسەر بکەم و بیدەمە بازاڕەوە.

ڕامان: کەواتە هۆکارە سەرەکییەکەی تۆ نەبوونی پاڵپشتی ماددییە؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ نەبوونی پارە بووە. من حەزم لە کۆنسێرت و ئەو شتانە نییە، یانی بڕۆم پارە کۆ بکەمەوە، نا من ئەو شتانەم نییە. بەهەرحاڵ ئەوەندەی ئیمکان بووە گۆرانی پێشکەش بکەم، کردوومە و تەواو بوو، بەڵام ئەمڕۆ ناکرێ. ئەمڕۆ ئەگەر بتەوێ شتێک بڵێی قابیلی قەبووڵ بێ و بۆ داهاتوو بمێنێ، لانی کەم بیست هەزار دۆلاری دەوێ.

ڕامان: ئەو سی گۆرانییە هەمووی بیست هەزار دۆلاری دەوێ؟

عەباس کەمەندی: یەک سێدی کە هەشت گۆرانی بێ ئەوەندە پارەی دەوێ.

ڕامان: ئێستە ئەگەر پاڵپشتی و پارەت بۆ دەستەبەر بکرێ، ئەو سی گۆرانییە ڕزگاریان دەبێ و دێنە بەرهەم؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ، سەد لە سەد. ئەڵبەت بۆ کارێکی وا کاک جەمیل ڕۆستەمی، کە ئەو لەگەڵ کابرایەک لە ڕووسیا پێوەندی گرتووە، ئەو کابرایە بە خۆی یۆنانییە و لەسەر گۆرانییەکان، گۆرانی یۆنانی و کوردی پێکەوە کار دەکات، مەسرەفەکەشی ئاغای ڕۆستەمی بیدات، دوایی ئیتر ئەگەر لە فرۆشیدا شتێک مایەوە بەمن بدرێ، یان نەدرێ، بەڵام بەداخەوە دوایی ئەو بەڵێنەش بە درۆ دەرچوو.

ڕامان: ڕەسەنایەتی گۆرانییەکانی تۆ تەنیا لە هەورامانەوە هاتووە، یان لە شوێنی دیکەشەوە سەرچاوەی بەستووە؟

عەباس کەمەندی: هەورامانە، بەو هۆیە کە باسم کرد، لەبەر ئەوەیە تۆ کاتێک هەستت بە شتێک کرد کە ئەمە ئی خۆتە، ئەمە بەدەستی تۆ و بە دەستی باووباپیرت دروست کراوە، زیاتر سەرنجت ڕادەکێشێ تا ئەوەی شتێک بۆ نموونە لە ڕووسیا و لە ئەمریکا بۆتی دێنن، چونکە ئەوە لە ڕەگ و پێستی خۆتە. من ئەگەر بەرەو مۆسیقای هەورامان چووم، بەرەو ڕەسەنایەتی هەورامان چووم. ئێمە چووین بۆ هەجیج لەوێ دەسماڵ و پەرداخ و قاپ و دەوری سەفەریمان لەگەڵ خۆمان برد و ئیستفادەمان لێ کردن. لە دواییدا بنەماڵەیەک کە لەناو باخەکەدا میوانیان بووین پێمان گوتن ئەو پەرداخ و قاپ و کەوچکەی کە ئیستفادەیان لێ نەکراوە بۆ ئێوە. وتیان نا نا ئێمە ئەوانەمان گەرەک نییە، ئێوەش بڕۆن ئێمە فڕێیان دەدەین. وتیان بڕیاری کۆسەی هەجیجە کە کەڵک لە هەر شتێک وەرگرن دەبێ بەخۆیان دروستیان کردبێ. ئەوە ئێمە نازانین چییە لاستیکە، پلاستیکە، ئێمە ئەوانەمان ناوێ. ئەو ڕەسەنایەتییە سەرنجی منی ڕاکێشاوە. نەوەدونۆ پیری هەورامان، نەوەدونۆ ئامۆژگارییان بۆ هەورامییەکان بەجێ هێشتووە. نەوەدونۆ کاریان بۆ داناون، کڵاش دووری و باخداری و.. چوزانم نەوەدونۆ کار، ئاژەڵداری و..تاد هەر کامەیان لەژێر چاودێری پیرێکدا بووە. کابرایەک شارەزای ڕێگە بوو و لەگەڵم بوو

ئێمە بە ئەدەبیاتی کلاسیک گەورە بووین، من شیعری نوێشم هەیە، بەڵام زۆر باوەڕم بە شیعری نوێ نییە.

شەل بوو، ئێسترێکی هێنابوو منی لە ئاوایی چەشمی یەر دەبردە ئاوایی ژان، بە کێوێکی زۆر سەختدا دەڕۆیی، لە ئێسترەکە کەوتمە خوارێ و زۆر وەزعم ناخۆش بوو. من ئەوکات زۆر گەنج بووم. لە هەورامان لەبەر شاخاوی بوونی شوێنەکان خاکیان بردۆتە سەر بەردەکان و وەک هەیوان باخچە و مەزرا دروست دەکەن، خانووەکانیشیان زۆر بچووکە یانی ئەوەندە گەورە نییە، زۆر گەورە بێ سەد مەتر دوو سەد مەترێک دەبێ، لەسەر ئەم کێوە هەیوانێک بوو، بەهۆی بارانەوە بەردێک لە هەیوانەکە جیا ببووەوە و تلی خواردبووە خوارێ و سی چل هەنگاوێک دوورکەوتبووەوە. کابرا هات، ئێسترەکەی بە بنە گیایەک بەستەوە و وتی ئیشێکم هەیە ئێستا دێم، بەردەکەی هەڵگرت و زۆر بە زەحمەت خستییەوە سەر جێگاکەی و خاکی خستە سەری، منیش وتم ئەوە باخی تۆیە؟ وتی نا. وتم ئەی ئی کێیە؟ وتی چووزانم. وتم ئەی تۆ بۆچی ئەو هەموو زەحمەتەت کێشا؟ وتی نا ئەوە ئەمری پیری شاسوارە، ئەگەر بەردێک لە هەیوانێک جیا بێتەوە و تۆ چاوت پێی بکەوێ، دەبێ بیخەیتەوە سەر جێگەکەی خۆی. ئەو شتانەم زۆر پێ جوانە، بە درێژایی مێژوو هەورامییەکان ئاوا لەناو ئەو شاخ و بەردە ژیاون.

ڕامان: ئەوە ساڵی چەند بوو کە چوونە هەورامان؟

عەباس کەمەندی: ساڵی (١٣٥٦- ١٩٧٧ز) بوو.

ڕامان: باشە تۆ بە ئەسڵ خەڵکی کوێی؟

عەباس کەمەندی: من بەخۆم لە سنە لە دایک بووم، باوکیشم لە سنە لە دایک بووە، باپیرم خەڵکی گۆڵانەیە، گۆڵانەی قاڵقاڵی. ئەولای دیواندەرە.

ڕامان: ئیدی ئەو ڕەسەنایەتییە بوو لە هەورامان سەرنجی تۆی ڕاکێشا و لە هونەرەکەتدا ڕەنگی دایەوە؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ ئەو ڕەسەنایەتییەی کە تەنیا باوەڕیان بە خۆیان بوو، تەنانەت سەردەمی شا، هەورامی نەدەچوونە سەربازی، وتبوویان بابە ئێمە هیچمان لە ئێوە گەرەک نییە، شتیشتان پێ دەدەین، ئێمە ژیانمان قورسە ناتوانین دوو ساڵ کوڕمان بنێرین بۆ سەربازی. سەربازیان نەدەدا، بەڵام ئەمڕۆ دەیدەن. ئەمڕۆ جادەیان هەیە و بۆ هەر ماڵێکی هەورامان دەچێ، سەتەلایتیان هەیە و ئیستفادە لە ئیمکاناتی (جیهان گوندی) دەکەن. نازانم بۆ داهاتوو، بەڵام من ئەوە بە ژەهرێک بۆ ڕەسەنایەتی دەزانم.

ڕامان: باشە تۆ هیچ لە شێوەزاری هەورامی دەزانی؟

عەباس کەمەندی: من تەنیا ئەدەبیاتی ئەوان دەخوێنمەوە..

ڕامان: دەیخوێنیتەوە و تێیدەگەیت؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ.

ڕامان: بەو خۆشەویستییەوە وەختی خۆی لە تەلەڤیزیۆنی سنە بەرنامەت لە بارەی ئەدەبیاتی هەورامانەوە هەبووە؟

عەباس کەمەندی: بەڵی، من بەرنامەی کۆنە هەوارانم دروست دەکرد.

ڕامان: پێم باشە هەندێک باسی ئەو بەرنامەیەشمان بۆ بکەیت کە سەبارەت بە ئەدەبیاتی هەورامان پێشکەشت کردووە.

عەباس کەمەندی: ئەو بەرنامەیە بەناوی کۆنە هەواران سەبارەت بە ئەدەبیاتی هەورامان بوو، ژیاننامەی چوارده شاعیری هەورامی بوو، زۆرم پێ خۆش بوو بێم لەودیو کارێکی دیکەی وا بکەم، چوومە ئەودیو، بەڵام لەوێ کابرایەکیان بە من ناساند، زۆر هەڵە بوو، ئیتر نەمتوانی تەحەموول بکەم.

ڕامان: تەنیا بۆ ئەو مەبەستە چووی بۆ ئەودیو؟

عەباس کەمەندی: نزیک بیست و دوو بەرنامەم نووسیبوو کە لەوێ تۆماری بکەم، بەڵام ئەو کابرایە زۆر هەڵە بوو، دیتم کارەکەم لێ دەشێوێنێ، وتم نەیکەم باشترە.

ڕامان: تۆ وەک هونەرمەندێکی فرەبەهرە کاری نەقاشیشت کردووە، بەڵام خەڵکی وەک شێوەکارێک تۆ ناناسن، مەگەر ژمارەیەکی کەم بیستبێتیان و بە ڕاگوزار زانیبێتیان تۆ ئیشی شێوەکاریت کردووە، لە کاتێکدا بەرهەمەکانیشیان نەدیوی؟

عەباس کەمەندی: نەخێر، چاپ نەکراون، بەڵام من زیاتر بەرهەمەکانم بەخشیوە بەم و بەو، بەگشتی دەوروبەری سێ تابلۆیەکم ماوە. لەلای خۆم خەریکە لار و گێڕ دەبن، ئیتر لە داهاتوودا گەرەکمە ئەگەر لەودیو موزەیەک بێ کارێکیان پێ بکەم. بڕیار بوو موزەیەک دانێن وتم ئەو تابلۆیانەم پێشکەش بە ئەوێ دەکەم.

ڕامان: لە هەولێر بە نیازن گەلەرییەک دروست بکەن تا بەرهەمی هونەریی هەموو شێوەکارانی کورد لەوێ کۆ بکرێنەوە..

عەباس کەمەندی: ئینشائەڵڵا.. بەهەرحاڵ ئەوانەی خۆم بۆ شۆینێکی وا داناوە، لە شێوەکاریشدا من شێوازی ڕیالیزمم هەڵبژاردووە، زیاتر ژیانی کورد و سروشتی کوردستانم بە تابلۆ دەرهێناوە.

ڕامان: ئەی لە هیچ پیشانگایەکدا تابلۆیەکانت نیشانی بینەران نەداوە؟

عەباس کەمەندی: نەخێر پیشانگام دانەناوە.

ڕامان: پێدەچێ تۆ زیاتر بۆ ئیحساسی خۆت و بۆ عیشقی خۆت کاری ئەدەبی و هونەریت هەڵبژاردبێ؟

عەباس کەمەندی: وابووە.. هەر وەرزێک لەسەر من کاریگەریی خۆی هەیە، زستان زیاتر حەزم لە شێوەکارییە، پاییز زیاتر حەزم لە شیعرە، وەرزی بەهار گۆرانی، هاوین ئەدەبیات، ئا بەو شێوەیە، یانی ئەوە حاڵەتێکی دەروونیشە نەک بەخۆم وابکەم، زستان هیچم نەبووە، ئیمکاناتم نەبووە، لەبەر ئەوەی ڕەنگ لەسەر پێست و خوێنم کاریگەری هەیە، بۆیە لەگەڵ ڕەنگ کارم نەکردووە، بەڵام بە (قەڵەمی ڕەش - سیا قلم) و ئەو جۆرە شتانە کارم کردووە.

ڕامان: ئەی لە چ ڕادیۆیەکدا کارت کردووە؟

عەباس کەمەندی: کاری من هەر لە ڕادیۆ بووە.

ڕامان: مەبەستمە باسی ئەو لایەنەمان بۆ بکەیت، یەکەم جار لە چ ڕادیۆیەک کارت کرد؟ ئەم کارکردنەت ساڵی چەند بوو؟ لەوێ چیت کردووە و کێت بینیوە بۆمانی باس بکە؟

عەباس کەمەندی: ساڵی (١٣٤٩هـ- ١٩٧٠ز) ڕادیۆی سنە ڕایگەیاند کێبەرکێی چیرۆکنووسین بەڕێوە دەبات، من چیرۆکێکم بەناوی (شەوبۆ و حەمەشوان) نووسیبوو، چیرۆکێکی عاشقانە و ڕۆمانتیک بوو، بەڵام بە نەزم هۆنرابووەوە، ئەوە لە کوردستان پلەی یەکەمی هێنا. ئیتر بانگهێشتیان کردم و چوومە ئەوێ و وتیان لەگەڵمان هاوکاری بکە، ئەوەبوو چەند چیرۆکێکم بۆ ڕادیۆی سنە نووسی.

ڕامان: کەی بوو چوویتە تەلەڤزیۆنی سنە و هاوکاریت کردن؟

عەباس کەمەندی: ساڵی (١٣٥١هـ- ١٩٧٢ز) تەلەڤزیۆنی سنە دامەزرا، ئیتر سیناریۆم بۆ دەنووسین، سیناریۆیەکی زۆرم لەو تەلەڤزیۆنەدا بڵاوبۆتەوە. یەکێک لەوانە (میر نوروزی) بوو، (رد پاشغال) بوو، ئەوانە لە تەلەڤزیۆنی تاران و لە هەموو ئێراندا بڵاوکرانەوە. لە سنە چیرۆکێکی زۆرم کراونەتە فیلم. ئیدی من لە ساڵی (١٣٤٩هـ- ١٩٧٠ز) بەشێوەیەکی ڕەسمی بەناوی شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر هاتمە نێو دنیای هونەرەوە، هاوکات لەگەڵ خوالێخۆشبوو سوارە ئێلخانیزادە، ئەو لە کرماشان بوو و منیش لە سنە کارمان کرد.

ڕامان: ئاشنایەتیتان لەگەڵ سوارە ئێلخانیزادە زۆر بوو؟

عەباس کەمەندی: ناوەڵڵا یەکترمان نەدەناسی، بەڵام بەرهەمەکانیم پێ خۆش بوو، بە تایبەتی حەزم لە (تاپۆ و بوومەلێڵ)ی دەکرد.

گۆرانی گوتنەکەم هەموو شتێکی خستە ژێر چنگی خۆی، تەنانەت شیعر و ڕۆمانەکانیشم لەبیر کران.

ڕامان: ژمارەی فیلمنامەکانت گەیشتنە چەند؟

عەباس کەمەندی: ژمارەی فیلمنامەکانم زۆرن، پێم وایە پتر لە پەنجا فیلمنامە زیاترە.

ڕامان: بۆ هەوڵت نەداوە فیلمنامەکانت کۆبکەیتەوە و چاپیان بکەیت؟

عەباس کەمەندی: هەوڵم داوە و کۆمکردوونەتەوە و هەمووشیان ئامادەن بۆ چاپ، بەڵام بە زمانی فارسین.

ڕامان: ئەی ناکرێ بیانکەیتە کوردی؟

عەباس کەمەندی: بۆ ناکرێ، بەڵام کاتێک سنەیی سۆرانی قسە دەکات دەڵێی دانەیەک هەڵمات ها لەناو دەمیدا، بۆیە ئەو زاڵ بوونەی بۆ نموونە نووسەرێکی سلێمانی بەسەر زمانی کوردیدا هەیەتی، ئێمە نیمانە، کوردییەکەی ئێمە کوردییەکی باش نییە، بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێ ئەو بەرهەمانە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، من ئامادەم هاوکاری بکەم.

ڕامان: بێجگە لەو کارە زۆرانەی کردووتن و وەک کەسێکی فرەبەهرە دەرکەوتووی، ئەی ئیشت لە وەرگێڕاندا نەکردووە؟

عەباس کەمەندی: نەخێر ناوەڵڵا.

ڕامان: هەندێک شاکار و داهێنان هەن خوێنەر کە دەیانخوێنێتەوە، بە تایبەتی لەناو ئەدەبیاتی فارسیدا کە شاکاری زۆر جوانی تێدایە، نووسەری زمانێکی دی حەز دەکات ئەو بەرهەمە بەخۆی نووسیبای.. ئایا هیچ

جارێک ڕێک نەکەوتووە بەرهەمێکی لەو جۆرە سەرنجی تۆیان بۆ لای خۆی ڕاکێشابێ و هەوڵت دابێ بیکەیتە کوردی؟

عەباس کەمەندی: نا شتی وانەبووە.. ئەوەی هەیە شتی خۆم بووە، تەنانەت لە شیعرەکانیشمدا، ئەگەر هەستم پێ کردبێ ئەو شیعرەی من لە فلانە شیعر دەچێ کە کابرایەک پێش من وتوویەتی، ئەوە ئەو شیعرەم لەناو بردووە، چونکە حەزم لەوە نییە پێم بڵێن لاسایی کەسێک دەکاتەوە.

ڕامان: بۆ چیرۆکیش هەروایە؟

عەباس کەمەندی: هەروایە، هەرچی بووە ئی خۆمە.

ڕامان: بەڕاستی ئیلقاو دەمودووت سەرنجڕاکێشە، خەڵک حەز دەکات وشە بە وشە قسەکانت ببیستێ، تۆ کە کاری ڕادیۆییت کردووە، هیچ جارێک وەک بێژەر، یان ئەکتەر کارت کردووە؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ من کە چیرۆکەکانم دەنووسی، هەر بەخۆشم ئەکتەر بووم، دواییش کاری دۆبلاژم کردووە، یەکەم کەسێک کە دۆبلاژی کوردی کردووە من بووم، (لۆرێل و هاردی) کە کرا بە کوردی، ئەوە کاری من بوو.

ڕامان: تکایە سەبارەت بەوەی تۆ یەکەم جار کاری (دۆبلاژ)ت کردووە زیاتر قسەمان بۆ بکە و ڕوونکردنەوەمان بدەرێ؟

عەباس کەمەندی: کابرایەک بوو کاک شەریف خوا بیبەخشێ سەرتاش بوو، بەڵام کلاوێکی (شاپوور)ی لەسەردا بوو، زۆر لە (هاردی) دەچوو، دراوسێیەکیشی بوو، کاک (عەبێ) ئەو لاواز و کز بوو، ئەو دوانە جار بەجار دەبووە شەڕە قسەیان، زۆر جوان بوون. من کە (لۆرێل و هاردی)م دی، وتم وەڵڵا ئەمە کاک (شەریف) و کاک (عەبێ)ی خۆمانن، ئیتر لەسەر پرۆژکتۆر ئەوانەم کرد بە کوردی، بەڵام زۆر بەتام بوو و بۆ خەڵک شتێکی نوێ بوو، سەرنجی بینەرەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بۆ نموونە (لۆرێل) بە (هاردی) دەوت، خۆی (ئۆلیوەر هاردی) بوو، ئەم پێی دەوت (ئەولی وەڕ) حاڵەتێکی کوردیم پێدا، وای لێهات خەڵکەکە دەیان وت ئێمە وا دەزانین (لۆرێل و هاردی) بەڕاستی کوردن و ئیتر فارسییەکەیان پێ خۆش نییە. من بەخۆم لە جیاتی چوار کەسایەتی دەنگم هەبوو.

ڕامان: دیارە تۆنی دەنگی خۆت بۆ ئەو کەسایەتییانە گۆڕیوە، کە ئەمە یەکێک لە کارەکانی ئەکتەری سەرکەوتووە؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ.

ڕامان: ئەوە بە مانای ئەوەیە تۆ توانایی نواندن و ئەکتەریشت هەیە؟

عەباس کەمەندی: بێجگە لە ئەکتەری کە حەزم لێ نەکردووە و بەشوێنیدا نەچووم، هەموو کارێکم کردووە.

ڕامان: ئەی لەوکاتەدا کە وەک ئەکتەر بۆ سیناریۆکانی خۆت کارت کردبێ؟

عەباس کەمەندی: عەرزم کردی من زیاتر شانۆکانی خۆم لە ڕادیۆ پێشکەش کردووە.

ڕامان: ئەی تەلەڤزیۆن؟

عەباس کەمەندی: لە تەلەڤزیۆنیشدا یەک جار.

ڕامان: بەناوی چییەوە بوو؟

عەباس کەمەندی: بەناوی خوازبێنی بوو، نووسینی خۆم بوو، موزیکاڵ بوو، ئەو سەردەمە سەردەمی (ناسر مەلەک موتیعی) و (بێهروز وسووقی) و ئەوانە بوو، بەڵام حەزم لێ نەکرد. یەکەم گۆرانیم کە لە تەلەڤزیۆن تۆمار کراو (پلەی بەک)، سێ ڕۆژ دوای ئەوە لێدانێکیان لێدام عەرەب لە گامێشی نەدابێ. دەمولووت و ئەوانەیان هەموو شکاندنم، ئیتر وتم من شتی واناکەم.

ڕامان: گۆرانییەکەت ڕەخنە ئامێز بوو؟ یان لەبەر باری کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژگارە ئەوەت بەرانبەر کرا؟

عەباس کەمەندی: نا، لە ئیرەیی و بەخیلی و حەسوودی بوو. سەفحەکەم هاتبووە بازاڕ، سەفحەی گرامافۆن دەڵێم، وێنەی من لەسەر سەفحەکەم بوو (سەفحەی سەبری گوڵفرۆش)، تەواوی کچە قوتابییەکانی سنە وێنەی (داریوش) و چووزانم گۆرانیبێژە فارسەکان لەسەر کتێبەکانیان بوو، کچێکیش لێرە خوا سەری لێشێواندبوو وێنەی منی لەسەر دەفتەرەکەی خۆی دابوو. کوڕێک کە برادەری ئەو کچە بوو، چووبوو برادەرەکانی کۆکردبووەوە بێن لەمن بدەن و بزانن ئەو کچە بۆ وێنەی منی لە دەفتەرەکەی داوە. کولتوورێکی زۆر نالەبار و هەڵەمان هەیە.

ڕامان: تۆ زۆر ئیشت کردووە و بەهەرەی خۆت لە زۆر بواردا بەدەرخستووە و تاقی کردووەتەوە، بەڵام دەبێ بوارێک هەبێ لەناو هەموو ئەو بوارانەی کارت تێیاندا

کردووە زیاتر حەزت لێی بووبێ، کام بوارەیە پێت خۆش بووە زیاتر ئیشی تێدا بکەی؟

عەباس کەمەندی: من زۆر پێم خۆش بوو کوردستان لە بواری فیلم و سینەمادا بگاتە ئاستێک بتوانێ لە دنیا خۆی دەربخات. من زۆر حەزم لە بەرهەمەکانی (یەڵماز گۆنای)ـە، چونکە کوردی بەدنیا ناساند. حەزم دەکرد جۆرێک مێژووی خۆمان لەو فیلمانەدا بخەمەڕوو.. سەیر بکە بەدەردی مامۆستا مەردۆخ دەڵێ: کورد هەر کارێکی کرد بەناوی ئێرانی لە مێژوودا توایەوە و باسی کورد نەکرا. یەکەم فیلمنامەیەک کە نووسیم بەناوی (کۆچی سوور) باسی سەفەری مەلا مستەفا بارزانی بوو کە چووە ڕووسیا. کابرایەک بوو بەناوی (مەنسوور ئەردەڵان) خوا لێی خۆش بێت، وتی من لەگەڵ کاک مەسعوود بارزانی دۆستایەتیم هەیە، ئەوکات کاک مەسعوود بارزانی لە کەرەج بوو، کوردستان هەر بە دەست سەدامەوە بوو، ئیدی فیلمنامەکەم پێدا بیباتە لای، وتی چوومەتە لای وتوویەتی من چۆن دەتوانم پشتگیریتان بکەم، ئەوەی تۆ دەیڵێی پارەیەکی زۆری دەوێ و ئێمە لەو کاتەدا ناتوانین کاری وا بکەین.

ڕامان: ئێستا دوای ئەوەی لەودیو بارودۆخێکی گونجاو هەیە، بۆ هەوڵت نەدا ئەم پرۆژەیە زیندوو بکەیەوە و کاری لەسەر بکەی؟

عەباس کەمەندی: عەرزم کردی، من جارێک کە چوومە سلێمانی لەگەڵ خۆم شەرتم کرد کە جارێکی تر نەچمەوە ئەودیو، هێندەم سووکایەتی پێکرا.

ڕامان: من ڕێزم هەیە بۆ سلێمانی، بەڵام ڕەنگە لەوێ تووشی خەڵکێکی دیاری کراو بووبیت، ئەگەر بێیتە هەولێر وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای لێیە...

عەباس کەمەندی: لە شاری سلێمانی تەنیا کەسێکم دیت، زۆر چەوت بوو، لە تەمەنی پەنجاو شەش ساڵیدا بەندی کردبووم. سەفەرنامەی سلێمانیم نووسیوە، کاتی خۆی دێ چاپ دەبێ، کە من چووم لە دە ڕۆژدا چیم دی.

ڕامان: ئەمڕۆ سەردەمی پسپۆڕییە، کەسێک کە ئیش دەکات گۆرانیبێژە، شێوەکارە، ئاوازدانەرە، ڕاگەیاندنکارە، دەڵێن دەبێ لە یەکێک لەو مەیدانانە کار بکات.. تۆ لە زۆربەی بوارەکاندا کارت کردووە، بیروڕات سەبارەت بەم هەمەچەشنییە لە کارکردندا چییە؟ پێت وانییە بەهرەکە پەرشوبڵاو دەبێ؟

عەباس کەمەندی: با پێم وایە، بەڵام تۆ لە سروشتیشدا دەتوانی ببینی، لە ئابووریشدا دەتوانی ببینی، لە تەکنۆلۆژیاشدا دەتوانی ببینی، ماشێنێک لەسەری نووسراوە توانایی ئەو سەیارەیە ٧٠٠ کیلۆیە، ماشێنێکی دیکەش لەسەری نووسراوە (١٠ تەن)، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر کەسەکە خۆی، ئەگەر کەسێک بیەوێ بە زۆر خۆی بکات بە هەمەکارە و لە هەموو بوارێک خۆی بەدەرخا، ئەوە سەری لێ دەشێوێ، بەڵام کەسانێک هەن توانایییان هەیە، چ بکەن؟ من لە هیچ شتێکدا پسپۆڕ نیم، چونکە ئابووریانە هەڵسوکەوتم نەکردووە، یانی وا نەبووە بڵێم شتێک فێربم و دوایی بتوانم پێشکەشی بکەمەوە، ئەو شتەی هەیە لە دەروونمدا بووە و پەرەی پێدراوە و خۆی نیشان داوە.

ڕامان: مەبەستت ئەوەیە بڵێیت ئەو توانایی و بەهرەیە هەبێ و پشتی بەر ئەرز نەکەوێ، با زیاتر لە بەهرەیەک تاقی بکرێتەوە؟

عەباس کەمەندی: کاتێک تۆ هەر کارێکی ئەو کابرایە کردوویەتی بەدڵتە ئیدی چت لێی دەوێ؟

ڕامان: ئەوە ڕاستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو سەردەمەدا سووربوونێک هەیە لە گیرسانەوە لەسەر تەنیا بوارێک، زۆربەی ئەوانەش کە لە دوو سێ بواری جیاجیادا خۆیان تاقی کردووەتەوە، خاوەنی ئەو بەهرە گەورەیە نین.

عەباس کەمەندی: بەڵێ ئەگەر کابرا کەسێکی ئاسایی بێ، دەبێ وابێ ڕاستە، بەڵام کەسانێک هەن ئەسڵەن گوێ بەو شتە نادەن، یانی ناچێ فێر بێ و دوایی پێشکەشی بکاتەوە، چونکە ئەو بەهرەیە لە دەروونیدا هەیە، بۆ تۆش قابیلی قەبووڵە، چی لێ دەکەی؟

ڕامان: ئەی هونەری ئاوازدانان چۆن فێربووی؟

عەباس کەمەندی: نازانم (پێدەکەنێ) پێمیان دا، ئەنجامم داو دروست دەرهات، ئەوەش تەواو وەڵامی ئەو پرسیارەیە.

ڕامان: چۆن..تکایە ئەوەمان زیاتر بۆ ڕوون بکەرەوە؟

عەباس کەمەندی: بیرەوەرییەکم لەگەڵ مامۆستا کامکار هەیە، ئی سەردەمی لاویمە، باوکی کامکارەکان حەسەنی کامکار، من یەکەم جار کە چووم بۆ وەڵامی ئەو شانۆنامەیەی کە نووسیبووم، دیم کابرایەک لەوێ بوو،

یادی بەخێر بێ، من لەگەڵ یەکێک لە برادەرەکانم کە گۆرانیبێژ بوو بەناوی ڕەحیم سەڵاواتی، بۆ یەکەم جار بوو من ئامێرم دەبینی دەیژەنن، دوو کەس دانیشتبوون بەناوی ئاغای سدیقی و ئاغای وارەستەگان هەردووکیان شاعیر بوون، دیم پێکەوە دەمەقاڵەیانە، گوێم لێ بوو وتی کاکە گیان بیست ڕۆژە ئەم شیعرەتان بردووە و ئێستاکە هێناوتانەوە، ئەمە لەگەڵ ئاوازەکە یەک ناگرێتەوە. وتی هەرچیتان داوە بە من کردوومە بە شیعر. شیعرەکەش بۆ چ بوو؟ بۆ دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی پاشایەتی ئێران بوو، سروود بوو، وتی نە ناوەرۆکی باشە، نە لەگەڵ ئاوازەکە دێتەوە، وتی نازانم ئەوە تۆ وا دەڵێی. ئەوان تۆران و ڕۆیشتن. دوایی کەسێک بوو بەناوی ئاغای (فەلسەفی) یادی بەخێر سەنتووری دەژەند، وتی فەلسەفی تۆ کەسێک ناناسی بە منی بناسێنی، هێندەمان کات نەماوە. بەرپرسی ڕادیۆش ئەوکات ئاغای (ستوودە) بوو، وتی ناوەڵلا کەس شک نابەم. وتم مامۆستا دەتوانی بیدەی بە من، ئاوا تەماشایەکی کرد و ڕووی کردە ئەو لاوە و هەر گرنگی پێ نەدام. وتی چ بکەین فەلسەفی، وتم ئاغای کامکار من دەتوانم بێژم؟ وتی کاکەگیان ئەوە کاری منداڵە ورکە نییە، هەر بەو زمانە. (پێدەکەنێ) ئەمە بۆ مێژووی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی پادشایەتی ئێرانە، دەتوانی؟ وتم بەڵێ دەتوانم. فەلسەفی وتی دەی کاکە گیان دەڵێ دەتوانم، ئێستا خۆ کەسێکی دیکەت بەدەستەوە نییە وتی: کاکە ئەوە کاری منداڵ نییە، وتی تۆ بیدەیەی لەوانەیە بتوانێ. لە ئەنجامدا دای بە من. وتی باشە کەی دەیهێنیتەوە؟ وتم بەیانی. وتی نا دووسبەی بەیانییەکەی بیهێنەوە. کاتێک هێنامەوە بۆی، کە لەگەڵ سروودەکان میزانی کرد دیتی جوان یەک دەگرنەوە. هیچی بە من نەوت، هەستا چووە لای ئاغای (ستوودە) نیشان ئەوی دا. وتبووی ئەو شیعرە جوانە ئی کێیە؟ وتبووی بەخوا بێژم ئی کێیە باوەڕ ناکەی. هاتەوە بۆ لای من، وتی تۆ خەڵاتێکت لەلای من هەیە، بە مەرجێک پێم بڵێی ئەم شیعرە ئی کێیە؟ وتم بەخوا ئاغای کامکار شیعری خۆمە. وتی خۆ ئەو ڕیشەم لە ئاشی سپی نەکردووە؟ پێم بڵێ ئی کێیە، دیارییەکی باشت دەدەمێ. لە پڕ دەستم بە گریانێک کرد وتم بابە من دەڵێم ئی منە. فەلسەفی وتی: بابە ئی خۆیەتی. وتی شیعری تۆیە؟ وتم بەڵێ، وتی یەکەم سیلسیلەی پاشایەتی لە ئێراندا کێ بوون؟ وتم: ئاخر دوو دانەیە، ئەگەر من بڵێم ماد لەوانەیە تۆ بڵێی نا، یان ئەوەی کە ئەوانە جەژنیان بۆ گرتووە هەخامەنشییەکان (ئەخمینییەکان) بوون. جا کتێبێک بوو ئی پۆلی پێنجی سەرەتایی بوو، زۆر زانیاری باشی تێدا بوو. وتم هەخامەنشییەکان.. وتی: هەخامنشییەکان .. پەها!. وتی: چییە؟ وتی: دەڵێ: هەخامەنشییەکان. وتی: ئەی بڵێ قاجارەکان (پێدەکەنێ) خۆی نەیدەزانی. وتی: نا کاکە ڕاست دەکات. بەهەرحاڵ بەو شێوەیە من بوومە شاعیری دەرباری ئاغای کامکار و تا ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز) درێژەی هەبوو. هەموو مانگێک ئێمە دەبوایە چوار گۆرانیمان پێشکەشی ئەرشیڤی ڕادیۆ بکردبایە، لەوانە لانی کەم دوو شیعری ئی من بوو.

ڕامان: ئاوازەکانیش خۆت بۆیانت دادەنا؟

عەباس کەمەندی: نا ئەوان ئاوازیان دەدا بە من و من دەمکرد بە شیعر و دوایی بەراوردیان دەکرد و دەیاندا بە بەشی تۆمارکردن.

ڕامان: ئەی هیچ شیعر و ئاوازت بۆ فیلم داناوە؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ.

ڕامان: دەکرێ باسیان لێوە بکەی؟

عەباس کەمەندی: ئەگەر فیلمی سینەمایی مەبەستە نا، بەڵام بۆ (کۆنەهەواران) من هۆرەم دانا، گۆرانی من لە فیلمدا ئیستیفادەی لێکراوە.

ڕامان: بۆ ئاوازدانان و گەڕانەوە بۆ بەرجەستەکردنی ڕەسەنایەتی لەناو گۆرانی کوردیدا زۆر گوێ گرتن لە گۆرانی هەورامان و میلۆدی کۆن چەند بە پێویست دەزانی؟

عەباس کەمەندی: با عەرزتان بکەم.. مۆسیقا چەند جۆرە، ئەمڕۆ مۆسیقای ڕاپ هاتووە، ئەوە خەڵکێک بە تایبەت گەنجەکان ڕوویان تێکردووە، بەڵام مۆسیقایەکمان هەیە بنەڕەتییە و نەریتی ئێمەیە. ئێستا من بلوریکت بۆ بێنم کە زۆر جوانە، بەڵام نوێیە تۆ دەڵێی زۆر شاز و نایابە، بەڵام کە بچن شوێنەوارێکی کۆن و شکاوت بۆ بێنن، دەڵێی ئەوە لابەن و فڕێی دەن، ئەی بۆ ئەو شوێنەوارە دەبەنە موزەخانە و لە جێگای تایبەتی دادەنێن، چونکە ئەوە مێژووی ئەو وڵاتە و ئەو نەتەوەیەیە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بۆ ئەمڕۆ دروست کراوە و

تۆ لە ژیانی ڕۆژانەتدا بەکاری دەهێنی، مۆسیقاش هەر بەو چەشنەیە، ئێمە مۆسیقایەکمان هەیە کە بەشێکە لە مێژووی کورد و لە هەناوی کورد هەڵقوڵاوە.

ڕامان: ئەگەر یەکێک بیەوێ ئاوازێکی ڕەسەن دابنێ کە نزیک بێ لە گۆرانی و ستایلی کوردی و ڕەسەنایەتی ڕابردوو، چی بکات باشە؟ بۆ ئەو کەسانەی ئاواز دادەنێن، یان گۆرانیبێژەکان ڕێنماییت چییە؟ ئەی چی بە گەنجەکان دەڵێی، کە ئەمڕۆ خەڵک گلەییان لێ دەکەن و دەڵێن ئەو گۆرانیانەیان ڕەسەن نین؟

عەباس کەمەندی: دەڵی لە کابرایەکیان پرسی وتیان شاری ئێوە شوێنەواری مێژوویی هەیە؟ وتی ناوەڵلا، بەڵام دەوڵەت بەڵێنی داوە بۆمان دروست بکات. تۆ چۆن دەتوانی ئەوڕۆ دانیشی و ئاوازی کۆن دانێی؟ ناکرێ.. چونکە دەبێ لەگەڵ دنیا بچیتە پێش، بەڵام ئەگەر ئاشنایەتیت لەگەڵ مۆسیقای ڕەسەنی خۆتدا هەبێ، ئەگەر شتێکت بە خەیاڵدا بێ، شتی ڕەسەن بەخەیاڵت دادێ. ئەوەی کە گۆرانیبێژێک بەدوایدا دەگەڕێ ئەسڵ خودی ئەو گۆرانیبێژەیە کە شێوازی چۆنە؟ حەزی لە چییە؟ ئەگەر حەزی لە مۆسیقای عەرەبی بێ، زیاتر کارەکانی بەرەو عەرەبی دەڕوا، ئەگەر حەزی لە مۆسیقای تورکی بێ، بەرەو تورکی دەڕوا، ئەگەر حەزی لە فارسی بێ، بەرەو فارسی دەڕوا، ئەگەر حەزی لە مۆسیقای کوردی بێ بەرەو کوردی دەڕوا.

ڕامان: تۆ لە هونەرەکەی خۆت هەست دەکەیت کاریگەری گۆرانی فارسیت لەسەر هەبێ؟

عەباس کەمەندی: گۆرانی فارسی کاریگەری لەسەر من نەبووە، من کاریگەریم لەسەر گۆرانی فارسی هەبووە.

ڕامان: بەڵگەت چییە، حەز دەکەم ئەوەمان پتر بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

عەباس کەمەندی: ئەگەر گۆرانی کوردی بکەی بە فارسی، دەبێ بە مۆسیقای ئێرانی، بەڵام ئەگەر تورکی بکەی بە فارسی هەر مۆسیقای تورکییە، بەڵام کە کوردی کرا بە فارسی ون دەبێ، چونکە ئەو دوو زمانە یەک ڕیشەیان هەیە، بۆ نموونە ئێمە مەقامی هۆرە و سیاچەمانە هەیە، ئەوانە مەقامی دێرینی کوردن، هۆرەش یەک جۆر نییە (هۆرە- لۆرە- مۆرە)ن. سیاچەمانە کۆنە، بەڵام لەناو فارسەکاندا ئێستاش هۆرە ماوە، لە کوێ؟ لە ئاتەشکەدەکانی یەزددا، چونکە هۆرە بە ئەسڵ پێدا هەڵدانی ئەهورایە. ئەوە مۆسیقای دێرینی کوردە، بەڵام نەوعێکی دیکەی مەقاماتمان هەیە وەک ئەڵڵاوەیسی و حەمە کەچەڵی و..تاد ئەمانە مەقاماتی کۆنن، بەڵام باستانی (دێرین)ی کورد نین. باستانی دەبێ لە هەزار ساڵ زیاتر تەمەنی بێ. ئێستا تۆ ئەگەر بێی ئەو جۆرە مەقاماتە کە بۆ نموونە عەلی مەردان وتوویەتی، لەگەڵ گۆرانییەکانی (گوڵپایەگانی) و (ئیرەج) بەراورد بکەی، دەبینی شێوەی یەکتر دەدەن، چونکە ئی یەک قۆناغە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە، بەڵام لە هۆرە ناچێ، لە سیاچەمانە ناچێ. ئەوانە زۆر سوونەتین. فارس و کورد هاوڕیشەن، ئەگەر تۆ بڵێی بۆ ماد بوو بە هەخامەنش و کچەزا دژی باپیرەی خۆی شۆڕشی کرد و دەسەڵاتی لێ ستاند، کچەزاکە ناوی هەخامەنش بوو، ماد بوو بە هەخامەنش، کورد و فارس لێک جیابوونەوە، فارس یانی (سوار) ئەویش عەرەبییە، یانی ئەوانەی کە لەسەر ئەسپ دەژیان و کۆچیان دەکرد و گەرمێن و کوێستانیان دەکرد، بەوانەیان دەگوت فارس.

ڕامان: ئەمڕۆ شتێکی دیکەش پەیدا بووە کە دەبینین زۆر لە گۆرانیبێژان ڕوو دەکەنە تورکیا تا لەوێ ئاوازەکانیان ژەنیاری تورک بیانژەنن، بۆیە لە ڕەسەنایەتی و لە ڕوحیەتی کورد دوورکەوتووەتەوە.

عەباس کەمەندی: ئەوە لە کوردستان پێیان دەڵێن (شادز)، دزێک بتوانێ لە دزێکی دیکە دزی بکات پێی دەڵێن شادز، ئەوەیە کە تورک لە عەرەبی دزیوە، ئەو مۆسیقایەی ئێستای تورک ئی خۆیان نییە، ئەوەیان لە عەرەب وەرگرتووە و بڕێک دەستکارییان کردووە. ئێستا ئەوانەی خۆشمان دەچن لاسایی ئەوان دەکەنەوە، لەو تورکە دەیهێنن و بەناوی مۆسیقای کوردی دەرخواردی خەڵکی خۆمانی دەدەنەوە، بەڵام ئەوە قەت ناتوانێ لەناو مۆسیقای کوردیدا جێگەی ببێتەوە و بمێنێتەوە.

ڕامان: بەڵام ئەمە بە تایبەتی لەلایەن گەنجەکانەوە پێشوازی زۆر گەرمی لێ دەکرێ.

عەباس کەمەندی: باشە ئەو پێشوازییە دەبێ بکرێ، ئەوە گەنجەکانن، نابێ گلەیی لەوان بکەین، زۆریان ئاشقن و بەو گۆرانیانە سارێژ دەبنەوە، بەڵام ئەو گۆرانیانە هەروەک هاتوون ئاواش دەڕۆن و کەس نازانێ چی لێ هات و بوو بەچی، بەڵام گۆرانی خۆمان جیاوازی هەیە. عوسمان کێمنەیی نازانێ لەگەڵ ساز گۆرانی بڵێ،

سازی بۆ لێدەی سەری لێ دەشێوێ، کەچی ئەو دەنگە نەمرە و لە هەورامان تا ئەبەد دەمێنێتەوە، بەڵام سەدان گۆرانی بە ئۆرگ و نازانم چی تۆمار کراون و لەبیری خەڵکیش چوونەتەوە، ئەوەیە گۆرانی کوردی، کەسانێک هەن لە کۆمەڵگادا کە ناهێڵن ئەوە بفەوتێ، پێویست ناکات ئێمە بەرگری لێ بکەین، چونکە ئەو بەخۆی لەگەڵ ڕۆژ و مۆسیقای ڕۆژدا دەڕوا.

ڕامان: ئێستا گۆرانی و مۆسیقای کوردی لەگەڵ ڕۆژدا ڕۆیشتووە؟

عەباس کەمەندی: خەریکە لەگەڵ ڕۆژ دەچێتە پێشێ، بەڵام تەنیا کارێک کە دەتوانی بۆ مۆسیقای سوونەتی و ڕەسەن بیکەی، بۆ ئەوەی نەفەوتێ، دەبێ ئەو مۆسیقایە بێ بایەخ نەکەین. ناکرێ بڵێین ئەمە دێهاتیانە و ئەمەیان شارییە، نا ئەوە ڕێزی خۆی هەیە. ئەمیش ئیستفادەی لێ بکەی تۆ حەزت پێی سارێژ دەبێ، کێشەیەک نییە.

ڕامان: باشە تۆ بە شێوەیەکی زانستیانە هیچ مۆسیقات خوێندووە؟

عەباس کەمەندی: نا، من لەسەر مۆسیقا زۆرم خوێندووەتەوە، بەڵام بەشێوەی ئازاد نەک ئەکادیمی و بەو شێوەیە بێ کە بچم لە تاقیکاریدا بەشداری بکەم و نمرەم پێ بدەن.

ڕامان: بێجگە لە شیعرەکانی خۆت، شیعری کام شاعیرەی دیکەت هێناوە ئاوازی بۆ دابنێی؟

عەباس کەمەندی: شیعری ئەحمەد بەگی کۆماسی، مەولەوی تاوەگۆزی، وەلی دێوانە، جیهان ئارا پاوەیی، ئەو شاعیرەیان لەوانەیە بۆ جەنابت نائاشنا بێ.

ڕامان: ڕاستە یەکەم جارە ئەو ناوە دەبیستم.. ئێستا گۆرانیبێژەکان دەڵێن شیعری باشمان دەست ناکەوێ و قاتوقڕی شیعری باشە بۆ دەنگخۆشان.

عەباس کەمەندی: دەی ڕاست دەکەن دەستیان ناکەوێ.

ڕامان: تۆ بۆ شیعری ئەحمەد بەگی کۆماسی و وەلی دێوانە گەڕاویتەوە، ئەی ئەو هەموو شیعرە کوردییەمان هەیە، خۆ خەریکە کتێبخانەی کوردی بەهۆی زۆری شیعرەوە بەسەرماندا دەڕمێ ئەوەندە شیعری تێدایە، کەچی ئەو گۆرانیبێژانە نایخوێننەوە و بەدوای شیعری باشدا ناگەڕێن تا بزانن کام شیعرە بۆ گۆرانی باشە، بەڵام تۆ لەبەر ئەوەی شاعیریت و زەوقی شیعر نووسینت هەیە و دەیانخوێنیتەوە، بۆیە ئەو جۆرە شیعرە باشانە یەکە یەکە دەدۆزیتەوە و دێیت لەناو ئەو شاعیرە باشانەدا کامە شیعرەیان گونجاوە هەڵیاندەبژێری و ئاوازیان بۆ دادەنێیت.. سەبارەت بەوە بیروڕای ئێوە چۆنە؟

عەباس کەمەندی: باشە جیاوازی هەیە، من عیشق و حەزم بووە و بە شوێنیدا چووم، من لەگەڵ ئەدەبیات ژیاوم. ئێستا نا، بەگەنجی ئێمە چەند کەس پێکەوە دادەنیشتین شەوەشیعرمان بەڕێوە دەبرد. ئەمڕۆ ئەو شتانە نییە، ئەمڕۆ دادەنیشن ئیمەیل و فەیسبووک دەکەن. ئێمە بۆ ئاشق بوون عەزابمان دەکێشا تا نامەیەکمان دەگەیاندە دەست کچێک سێ جار لێدانمان پێ دەکەوت. ئێستە کچەکە لە پەنا باوکی دانیشتووە بە کورتەنامە SMS لەگەڵ کوڕاندا پێوەندی هەیە، باوکە بۆی نییە بڵێ ئەوە چییە؟ کاتێک خۆشەویستی ئاوا ئاسان بۆتەوە، ئەو تین و تاوە نامێنێ و خۆشەویستیش بایەخی نامێنێ، ئێستا عیشق بۆتە سێکس. سەردەمی ئێمە جیاواز بوو، بەخوا برادەرێکی خۆم هەبوو پاش ئەوەی گەیشتە خۆشەویستەکەی نزیک پازدە شازدە ڕۆژێ نەیتوانی بیێتە زاوا، ئەوە چونکە بەدوای سێکسەوە نەبووین، بەدوای خۆشەویستییەوە بووین. ئەمڕۆ وانییە، ئەمڕۆ کابرا لە ماڵی خۆی دانیشتووە و بەو مۆبایلە تەواوی جەستەی نیشان ئەوەی دیکە دەدات، دەی ئەوە کەنگێ خۆشەویستی دروست دەبێ؟

ڕامان: لەو شاعیرانەی ئەمڕۆکە شیعر دەنووسن، هەر لە شێرکۆ بێکەسەوە بیگرە تا ئەوانەی دیکە دەخوێنیتەوە؟

عەباس کەمەندی: ڕاستییەکەی من لە شیعری شێرکۆ بێکەس تێناگەم، بەڵام شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو جوانن. دوایی کەسێکی دیکە ناناسم، عەبدوڵڵا پەشێویش کەسێک یەک دوو شیعری بۆ خوێندمەوە حەزم لێ کرد، ئەگەر شاعیرە کلاسیکەکان بڵێی هەموویان دەناسم، بەڵام شاعیرانی ئەمڕۆ کەس ناناسم.

ڕامان: ئەگەر پێت بڵێن ئاواز بۆ شیعرێکی نوێ دابنێ، توانایيت هەیە؟ یان حەزی پێ دەکەی تا کارێکی جوانی لێ دەرچێ؟

عەباس کەمەندی: نا چونکە شیعری نوێ مۆسیقای نییە. شیعری نوێ نابێ بە مۆسیقا، ئەگەر بشبێ دەبێ

بەڕاپ.

ڕامان: ئاوازت بۆ چەند گۆرانیبێژ داناوە؟

عەباس کەمەندی: ئاواز، یانی میلۆدی؟

ڕامان: بەڵێ.

عەباس کەمەندی: ئاوازم بۆ کەس دانەناوە، بەڵام شیعرم داناوە.

ڕامان: تەنیا شیعرت داناوە، ئەی کەسێک نابینی نزیک بێ لە دەنگ و ستایلی خۆت؟

عەباس کەمەندی: ناوەڵلا.. ئەڵبەت وتم ئەوانەم بۆ خۆم داناوە، تەواوی ئاهەنگەکان خۆم بۆ خۆمم داناوە، بەڵام بۆ کەسم دانەناوە.

ڕامان: وەک زانیومە تا گۆرانییەک دێنیتە بەرهەم هەموو کارەکان، شیعرەکەی، ئاهەنگەکەی، تەنانەت تۆمارکردنەکەی هەر خۆت سەروکاریان دەکەی؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ وایە.

ڕامان: ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ زۆر بەلاتەوە گرنگە گۆرانییەکەت بە جوانی بێتە بەرهەم، ڕەنگە هۆیەک لە هۆیەکانی کەمی ژمارەی گۆرانییەکانت هەر ئەوە بێ؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ ڕاستە هۆیەکەی ئەوە بووە، چونکە من بڕێک لەسەر کار حەساسم، کاری هونەری دەبێ جۆرێک بێ کە نەمر بێ. دەبێ بیرکردنەوەی تێدابێ، گۆرانی (نەتۆری) کاری پازدە دانە مەلای کرد. زۆر ژن و مێردی تۆراو لە یەکتر، بەو گۆرانییە ئاشت بوونەوە، بۆیە دەڵێم دەبێ بیرکردنەوەی تێدابێ، ئێمە هەمانە لە مێژوودا، دەڵێ سەردەمێک کە خوسرەو پەرویز، (شەبدیز)ی ئەسپەکەی زۆر خۆش دەویست، وتی هەر کەسێک هەواڵی مردنی (شەبدیز)م پێبدا دەیکوژم. شەبدیزیش نەخۆش بوو، (شەبدیز) تۆپی و خەبەریان هێنا، کێ ئەم خەبەرە بدا بە خوسرەو پەرویز، سوێندی خواردووە سەر لە لەشی کابرا جیابکاتەوە. وتیان تەنیا کەسێک بتوانێ ئەو هەواڵە بەرێ باربەدە. لە باربەد یارمەتییان خواست کە ئێمە چی بکەین، ئەم خەبەرە بدرێ بە خوسرەو پەرویز، وتی بەڵکو بتوانم کارێک بکەم. مەجلیسێکیان دانا و باربەد دەستی کرد بە گۆرانی گوتن، گۆرانی زۆر غەمگین و حەزین، خوسرەو پەرویز هەر سەیری کرد، هەر سەیری کرد، ئاخری گۆرانییەکە بوو، وتی باربەد، یان شیرین مردووە، یان (شەبدیز) دەنا تۆ ئەو هەموو گۆرانییە غەمهێنەرەت نەدەوت. وتی قوربان من نالێم (شەبدیز) مردووە خۆت وتت. بەو شێوەیە ئیستیفادەی لە هونەر کرد و ئەم هەواڵەی بە خوسرەو پەرویزدا. لەوسەردەمە وا بوو، وەزعی ئابووری خەڵک خراپ بوو، ژن و مێرد لەیەک جیا ببوونەوە، دراوسێیەکمان هەبوو لە ژنەکەی جیا ببووەوە، دوو منداڵیان هەبوو، دەڵاڵاوە و دایکەکەی دەیوت بڕۆ شوێنی قەیناکە، دەیگوت من منەتی باوکم هەڵناگرم. کەوتمە فکرەوە وتم چەندە بۆ من جوانە کارێکم سازبکردبایە، بە ئاسانی باس لە دەروونی پیاوێک سەبارەت بە ژنەکەی بکات. هەرچەندە زۆر پیاو نارەزایەتییان دەربڕی، وتیان تۆ پیاوت بچووک کردۆتەوە، وتم وانییە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگادا هەیە، ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە، دەی ئینشائەڵلا ئەم گۆرانییە ببێتە هۆیەک بۆ ئاشتی ئەمانە. زۆر کەسیش سوپاسیان کردم کە تۆ کارێکت کرد دوای چوار ساڵ پێنج ساڵ دووبارە بە پێشکەش کردنی ئەو گۆرانییەی تۆ لەگەڵ هاوسەرەکەم ژیانی هاوبەشمان دەست پێکردۆتەوە.

ڕامان: کەسێکی وەک تۆ کە کارت لە بواری نووسینی شیعر و ئاواز و گۆرانیدا کردووە، هیچ پشتیوانی و دەستگیرۆیی ئەو لاوانەت کردووە کە پێت وا بووبێ باش بوون؟

عەباس کەمەندی: بەخوا دەبێ بڵێم بۆ زۆر کەس هەم پرد بووم و هەم قادرمە.

ڕامان: دواجار ئەو کەسانە پێیان نەزانی.. لێیان پەشیمان بوویتەوە؟

عەباس کەمەندی: نا، بەڵام دوای ئەوەی عەباس کەمەندی لەگەڵ کامکارەکان نەما چییان کرد و توانییان چی بکەن؟

ڕامان: دەتوانی بۆم ڕوون بکەیتەوە ئەو کاتەی تۆ لەگەڵیان بوویت، خەسڵەت و سیمای کاری ئەوکاتەی تۆ لەگەڵیان بوویت، لەگەڵ ئەوەی دواتریان چۆنە؟

عەباس کەمەندی: کە ئینقلاب کرا وتیان مۆسیقا (تریاکە)، هەر ئامێرێکیان بەدەست هەرکەسەوە بدیتبایە دەیانشکاند و مۆسیقا حەرام کرا. ئەو سەردەمە من لەگەڵ کامکارەکان برادەر بووم، هاتوچووی یەکترمان دەکرد، گۆرانی و شتی وانەبوو. ڕۆژێک چووم وتیان

ناهێڵن ئێمە کاری مۆسیقا بکەین.. چی بکەین؟ دەبێ هەموومان لە ئێران بڕۆین، وتم بەخوا نازانم، بەڵام من شتێک لە مێشکمدایە، وتیان چییە؟ وتم من ئەوە دەزانم ئیسلام لەگەڵ مۆسیقا کێشەی نییە، لەگەڵ شیعری مۆسیقا کێشەی هەیە. دەبێ شیعرەکان وەک ئیمام خومەینی وتی (موسیقی باشد، ولی مشکوک باشد) خۆ ئەوانیش حاڵی نەدەبوون، من وتم (مشکوک باشد) یانی تۆ ئەگەر گۆرانی دەڵێیت بەشێوەی ڕاستەوخۆ ناوی ژن مەبە، مەڵێ نەسرین مەڵێ نێرگز ناو مەهێنە، کە ئەو شیعرە مەشکوک بێ بۆ خوا وتراوە، یان بۆ مرۆڤ. وەکو شیعرەکانی حافز. نامەیەکم بۆ (ئیمام جومعەی کوردستان) نووسی، وتم مامۆستا ڕاستە مۆسیقا لە ئیسلامدا حەرامە، بەڵام مۆسیقای ئێمە بەتاڵە لەو حەرامانە، دیارە زۆر شیعرمان هەیە کە نابێ بە گۆرانی بگوترێن وەک ئەوەی کە دەڵێ: شەریفە باوکە ڕۆ کچ ئەم زەمانە... ئەو قسە قۆڕانەو لەوانەمان هەیە، بەڵام ئەوانە ناوچەیین، پێوەندی بە مۆسیقای کوردەوە نییە، مۆسیقای کورد یانی هۆرە، یانی لۆرە، دواییش ئێمە هەموو شاعیرەکانمان مەلا بوون، ئەگەر شیعرەکە خراپە ئەوە مەولەوی وتوویە، خۆ من نەموتووە. من بەو شێوەیە یەکەم کەسێک بووم لە سەردەمی ئیمام خومەینیدا شیعری ئاشقانەم بە گۆرانی وتووە. لە ئیدارەی ئیرشاد باسیان کردبوو کە ئەوە چییە؟ ئەوان وتبوویان کاکە گیان ئەم کابرایە سونییە، سونەتی خۆیەتی خۆ ئێمە حاڵی نابین چییە و شیعرەکانیشی مەشکوکە، بەو شێوەیە من مۆسیقای کوردیم هێناوە گۆڕێ. خێڵی کامکاریش کوتوپڕ هاتن (کجائید ای شهیدان خدائی) هێنا و بەو شێوەیە کاریان کرد، یەکەم کارێک کە کامکارەکان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کردیان لەگەڵ من بوو. منیش لەگەڵیان هاتم، دوایی دیم نا ئەوانە هەم لە بواری ماددییەوە خەریکن بۆ لای خۆیانی دەکێشن، هەم لە بواری مەعنەوییەوە ئەو کارە دەکەن. دەینووسی (کاری از کامکارها با صدای عباس کمندی) واتە کارێکی کامکارەکان بە دەنگی عەباس کەمەندی، نا بابە کارێکی عەباس کەمەندییە و ئێوەی لەگەڵە، بۆشم گرینگ نەبوو، بەڵام خۆیان زۆر پێ زیرەک بوو. بۆ نموونە بەرهەمەکەی بە شەش ملیۆن تمەن دەفرۆشت، وا ڕێک کەوتبوون دوو بەش بۆ ئەوان بێ، بەشێک بۆ من بێ لە سێ بەش. دەهاتن بە منیان دەوت داومانە بە سێ ملیۆن تمەن، یانی لەلایەکەوە سێ ملیۆنیان لێ دەبڕی، دوو ملیۆنی دیکەشیان دەبرد و ملیۆنێکیان دەدا بە من. منیش باسم نەدەکرد دەموت وا فرۆشراوە، دوایی دەچووم بۆ مەرکەزی سرووش دەیانوت بە شەش ملیۆن کڕیومانە. دیتم نا ئەوانە دروست نین، ئیتر وازم لێ هێنان. لە هیچ شوێنێکی دنیادا گرووپێک، یان تیپێکی مۆسیقا کە پێکەوە و هەموویان لە سەرکەوتن و دەسکەوتی ماددی و مەعنەوی کار و بەرهەمەکەدا شەریکن، هیچ کامەیان بە ئێرەیی و بەخیلی کارێک ناکەن زەبر لە کارەکە بکەوێت، بەڵام بەداخەوە ئەوان بەرانبەر بە من ئەم بەخیلییەیان دەنواند و لە بیری ئەوەدا نەبوون کە ئەم کارەیان هەم بۆ من خەساری هەیە و هەم بۆ کارەکە و خۆیان. سەرەڕای تەواوی ڕەخنەکانم دەمەوێ ئەم ڕاستییەش بدرکێنم کە من لەگەڵ ئەو بنەماڵەیەدا بیرەوەری زۆرم هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ بێژەن-دا ڕەفاقەت و هاوڕێیەتی خۆشم بووە. لە ڕاستیدا من لام وایە کە تەنیا برا گەورەکەیان کە خۆی لە خۆیدا دۆن کیشۆتێکی تەواوە، ئەم منداڵانە بە لاڕێدا دەبات. بە گشتی لەسەر ئەو بابەتە قسەم زۆرە، بەڵام هەر نەوتنی باشترە.

ڕامان: ئێستە کارەکانیانت بە دڵ نییە؟

عەباس کەمەندی: تۆ بە دڵتە؟

ڕامان: من وەک ڕۆژنامەنووسێک پرسیار لە تۆ دەکەم.

عەباس کەمەندی: هوشەنگیان کارێکی کرد بەناوی (در گلستانە) پێم وایە شاکاری ئەو کابرایە بوو، دوای ئەوە ئیتر من شتێکم نەبیستووە بەدڵم بێ.

ڕامان: ئەوان ئێستا بێجگە لە فۆلکلۆر، بۆ ڕێز گۆرانییەکانی سەی عەلی ئەسغەر و حەسەن زیرەک و عەلی مەردان دەڵێنەوە.

عەباس کەمەندی: نا ئیتر ئەوانە حازر خۆر و قەراغ نشین. چییان هەیە بیڵێن، ئەوە کاری خۆمانە. سێدی-یان هەیە (بەیادی سەید عەلی ئەسغەر)، (بە یادی حەسەن زیرەک) ئەم هەموو بە یادە بوو بە ئاشێک بۆ ناو کاسەکانیان.

ڕامان: ئەی لەسەر ئەو کارانەی لەگەڵ عەدنان کەریم کردوویانە دەڵێی چی؟

عەباس کەمەندی: ئەوەی عەدنان کەریم-م نەبیستووە،

تا قسەی لەسەر بکەم، بەڵام بە دڵنیاییەوە، عەدنان کەریم بەخۆی بەرهەمی خۆی بۆیان بردووە. گۆرانییەکە خۆی بردوویەتی و ئەوان تەنزیمیان کردووە.

ڕامان: زۆر لەوانەی خەریکی مۆسیقای کوردین، گۆرانی کوردییان کردووە بە هی فارس، هەندێک دەڵێن فرۆشتوویانە پێیان، ئەمەت بەرانبەر بە هونەری نەتەوەیەک پێ تاوان نییە؟

عەباس کەمەندی: تاوانە، چونکە لە دەرئەنجامدا گۆرانییەک ون دەبێ و ڕۆژێک دێ کەس نازانێ ئەم گۆرانییە فارس لە کوردی وەرگرتووە، یان کورد لە فارسی وەرگرتووە. ئەوەش هۆکارەکەی بێ دەسەڵاتییە، تۆ وا تێناگەی؟

ڕامان: هەر ئەوەیە.. لەناو کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئەگەر پرۆژەی هاوبەشت بوو، لەگەڵ چ هونەرمەندێک، گرووپێک پێت خۆشە کار بکەی؟

عەباس کەمەندی: بەخوا ئیتر دەرفەتم نەماوە، بەڵام سەردەمێک حەزم دەکرد لەگەڵ مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی کار بکەم.

ڕامان: تۆش وەک من پێت وایە ئەو هونەرمەندە ژەنیارێکی دەستوپەنجە کوردییە؟

عەباس کەمەندی: چەند کارێکی لەگەڵ حەمە قوتوو کرد، بۆ من ئەو کارانە زۆر گەورە و جوان بوون، ئەوانەم زۆر بەدڵ بوو.

ڕامان: ئەی ئەوانەی بۆ کەریم خەمزەیی و ئەوانی دی کردوویەتی چی؟

عەباس کەمەندی: کەریم خەمزەیی ناناسم، بەڵام حەمە قوتوو دەنگێکی ڕەسەن بوو و من حەزم لێ دەکرد، دوایی ئەو کوڕە عادڵ هەورامی (عادڵ هەورامی لای ئێوە لە سلێمانی) دەنگیم زۆر پێ خۆشە. هات بۆ لای من وتی چی بکەم ببمە عەباسی کەمەندی، وتم وەڵلا ئەوە نازانم، بەڵام ئەگەر گەرەکتە من چیم کردووە تۆش وابکە. ئێستا زەماوەند ناچێ، دوایی ئەوەی کە من بیستوومە زۆر خۆی نیشان نادات، خوا بکات لە داهاتوودا ببێتە پێنج عەباس کەمەندی.

ڕامان: دیارە ئەگەر بتەوێ ڕێنوینی گۆرانیبێژە گەنجەکان بکەیت، پێت باشە کۆنسێرتی زۆر نەکەن؟

عەباس کەمەندی: ڕینوێنی گەنج بە من ناکرێ، چونکە ئاواتەخوازی شتی ترە. گەنج بۆیە حەز لە مۆسیقا و گۆرانی دەکات تا کچێک بڵێ ئەوە فلانە کەسە، منیش سەردەمێک گەنج بووم ئیتر. خۆ بە ڕیش چەرمووویی لە دایک نەبووم (پێدەکەنێ). تەواوی ئاواتی گەنج ئەوەیە کچێک لای لێبکاتەوە و حەزی لێ بکات، بەڵام دەبێ ئازاد بێ، دەبێ ئەو ڕێگایەی هەڵیبژاردووە بێلێی بڕوا، من هەموو کات ئەمەم وتووە و دەڵێم هونەر دەریایە. هونەرمەند مەلەوانە، خۆی لێدەدا، جا، یان هەر لە سەرەتاوە دەخنکێ، یان لە ناوەڕاست دەخنکێ، یان دەپەڕێتەوە. کاتێک پەڕییەوە خۆی دەناسێ. مرۆڤ چەند جار دەگۆڕدرێ، دەبینێ تا ئێرە بە هەڵە هاتووە، ئەو جار دەیەوێ کارێک بکات کۆمەڵگاکەی قبووڵی بێت. کارێکی وا کە نەمر بێت و نەوەی دواڕۆژیش لێی وەربگرێت، ئەوەیە کە دەبێ لە تەمەنی خۆیدا ئەزموونی بکات. من چۆن ئامۆژگاری گەنجێک بکەم بڵێم تۆ زەماوەند مەڕۆ، تۆ ئەوە بکە.. نا، ئەو گەورە هونەرمەندانەی کە جێ دەستیان دیارە، هەر لەو گەنجانە دروست دەبن، بۆیە دەبێ ڕێگە بە گەنج بدرێ و ڕێگەی بۆ چۆڵ بکەی، تانەوتەشەری لێ نەدەی. ئەگەر شتێکی خراپیشی کرد هانی نەدەی، با بەخۆی بەوە بگات کە کارەکەی خراپە.

ڕامان: ئەی ئەگەر خۆی لەوە تێنەگەیشت کارەکەی دەیکا خراپە و چێژی گشتی تێکدا و بەخراپ بۆ هونەری کوردی شکایەوە؟

عەباس کەمەندی: ئەگەر تێنەگەیشت، ئەوە دەخنکێ، هەر لە سەرەتاوە دەخنکێ، یان لەناوەڕاستەوە دەخنکێ و ناپەڕێتەوە.

ڕامان: بەڵام ئێمە لێرەدا پێویستمان بە ڕەخنەش هەیە.. ڕەخنەی هونەریی بەردەوام کە بتوانێ هەستی بەرپرسیارێتی لەلای هونەرمەندان زیاد بکات و ڕێڕەوی ڕاستیان بۆ دەستنیشان بکات.

عەباس کەمەندی: دەبێ ئەو کەسە قابیلی ڕەخنەبێ، تۆ نابێ ڕەخنە لە کەسێکی پازدە بیست ساڵە بگری. ئەو لە ڕەخنەی تۆ تێناگات، ئەو شتێکی قبووڵە کە بە خۆی دەیزانێ، دەبێ لێی گەڕێی تا تەمەنی دەبێتە سی، سی و پێنج ساڵ، دنیا جوانتر ببینێ و بەهاکان لێک بکاتەوە، بزانێ چ شتێک بایەخی هەیە، چ شتێک بۆ مێژوو و کەلەپووری نەتەوەی خۆی بایەخی هەیە، ئەوکات پێویستی بە ڕەخنە و ڕێنوێنییە، نەک لە تەمەنی بیست

ساڵیدا.

ڕامان: تۆ کەسێکی خاوەن بیروڕای تایبەتی خۆتی، بۆچی هەوڵت نەداوە لەسەر هونەرمەندێکی گەورەی کورد وتارێک بنووسیت، کتێبێک دابنێی؟

عەباس کەمەندی: من کتێبم لەسەر سەید عەلی ئەسغەر نووسیوە، یەکەم کتێبێک کە لەسەر سەید عەلی ئەسغەر نووسرابێ من نووسیومە. ئەو کارانەم کردووە، بەڵام ڕەخنە نا، شتێک کە دوژمنیی دروست بکات، چونکە ئەگەر ڕەخنە بگرم دەڵێن ئەوە لە بوغز و حەسەدە، ئەوە حەزی نەکرد فلانە کەس سەرکەوێ.

ڕامان: ئەگەر بە خۆشت ئەو کارە نەکەیت، ئەی بە پێویستی نازانی ئەو جۆرە نووسینانە هەبن؟

عەباس کەمەندی: هەروەک باسم کرد بۆ مێرمنداڵ نا، بەڵام لە تەمەنی سی و سی و پێنج بەرەو سەرەوە هەبێ باشە.

ڕامان: من بەشێوەیەکی گشتی مەبەستمە؟

عەباس کەمەندی: نا دەبێ جیاوازییەک هەبێ، بۆ هەر تەمەنێک ڕەخنەگرتن جوان نییە.

ڕامان: تەمەنی میلۆدی و هونەری گۆرانی کوردی سەدان ساڵە، بەڵام ئەگەر سەیر بکەی زۆر کەمی لە بارەوە نووسراوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کتێب و نووسین لەو بارەوە کەمە، بۆیە ئەوانەی بەو هونەرەوە خەریکن هەست بە لێپرسینەوە ناکەن و پاشاگەردانی دروست دەبێ، گۆرانی کوردی کە دەچێ بەولاو بەم لادا ناتوانی بیهێنیتەوە سەر هێڵە ڕاستەکە و کۆی کەیتەوە سەریەک و قسەی لە بارەوە بکەیت.. گرفتەکە لەوەدایە بەرهەمی هونەری زۆرە، بەڵام نووسین لە بارەیەوە کەمە.

عەباس کەمەندی: من پێم وانییە نووسین بتوانێ لەو بوارەدا کاریگەرییەکی بەرچاوی ببێ، چونکە ڕەخنەی گۆرانی کۆمەڵگا بەخۆی دەیگێڕێ، ئێمە کۆمەڵگایەکین کە هاندانمان زۆر کەمە، ڕووخاندنمان فرەیە، بەڵام ئەوەی وەک کتێب بێتە ناو بازاڕ و ئەوەمان لەوانەیە کەم کرابێ، بەڵام ڕەخنەگرتن هەر هەیە، هەر بۆ ئەو بیست ساڵەش هەیە، بەڵام لەلایەن کەسێکی تەمەن بیست ساڵەی دیکەوە. منی شەست ساڵە چۆن دەبێ دانیشم ڕەخنە لە گەنجێکی بیست ساڵە بگرم؟

ڕامان: لێرەدا مەبەست بیست ساڵەکان نییە، مەبەست هونەری کوردییە بەشێوەیەکی گشتی.

عەباس کەمەندی: هونەری کوردی بەگشتی زۆر کەمی شایانی ڕەخنەیە. تۆ چ ڕەخنەیەک لە مەزهەری خالقی دەگری؟ چ ڕەخنەیەک لە حەسەن زیرەک دەگری؟ دیارە حەسەن زیرەک بۆچی ڕەخنەی لێ دەگیرێ. کابرا هەژار بوو، کێشەی ژیانی هەبوو، لەو ئاخرییانە دەچوو گۆرانی تورکی، یان هەرچییەک بوایە بۆ ڕادیۆی سنەی دەهێنا، دەیگوت ئەوە سێ گۆرانیم هێناوە و ئەوانیش سێ حەفتا تمەنیان پێ دەدا، خۆم لە بیرمە، گۆرانییەکانی دەوت و دواییش هەڵدەستاو دەڕۆی، هەمووش دەیانزانی حەسەن زیرەک بۆ وای لێهاتووە، چونکە نەیبوو، نەدار و هەژار بوو، کەس نەبوو یارمەتی بدات، ئەمڕۆ پەیکەریان بۆ دروست کردووە، سەری بە قەد پازدە نەفەر دەبێ، بۆ ئەو دەبێ بەچی؟ من نازانم.

ڕامان: ئەگەر بیرەوەریت لەگەڵ حەسەن زیرەک، یان هەر هونەرمەندێک لە ئاستی حەسەن زیرەک هەیە، پێم باشە بۆمانی بگێڕیتەوە؟

عەباس کەمەندی: تەنیا شتێک کە لە حەسەن زیرەک بەبیرم دێ، دووجار حەسەن زیرەکم دیتووە، یەک جاری لە ڕادیۆ هات و وتی ئەو سێ گۆرانییەم هێناوە، یەکێکیان خان باجی بوو، دانەیەکی یەڵڵا شۆفێر بوو، یەڵڵا شۆفێریش هەر خان باجی بوو، بەڵام بەشێوازێکی دیکەی وتبوو بۆ ئەوەی دوو حەفتا تمەنی وەربگرێ، ئەویش پەشەنگ کامکار سەنتووری لێدەدا، بۆیان زەبت کرد و پارەکەیان دایە، وتی بەخوا پارەم نییە بچمە موسافیرخانە بخەوم، بۆیە هەر ئەو شەوە ئاغای ستوودە دەستووری دا وتی پارەکەی پێ بدەن، دوایی من ئیمزای دەکەم، دووسەدودە تمەن بوو پێیان داو حەسەن زیرەک ڕۆیشت. جارێکی دیکەش دیتم، لێرە جێگەیەک هەبوو ئێستاش ماوە پێیان دەوت هوتێل ئابیدەر، لەوێ لێدانێکی زۆریان لە حەسەن زیرەک دابوو.

ڕامان: نازانی لەسەرچی لێیان دابوو؟

عەباس کەمەندی: لەوانەیە کابرا پێی وتبێ گۆرانیمان بۆ بڵێ، گۆرانی بۆی نەوتووە، ئەوانیش لێیان داوە.

ڕامان: ئەی لەگەڵ گۆرانیبێژەکانی تر، هیچ بۆنەیەک نەبووە پێکەوە کۆتان بکاتەوە؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ، مەزهەری خالقیشم یەکجار دیتووە، ئەو گۆرانیبێژانەی ئەو سەردەم هیچیان ناویشیان نەما وەک ئیرەج عەندەلیبی و..تاد ناویان

نەما و هەر کامەیان بەشێوەیەک لە گۆڕەپانەکە چوونە دەرێ. دیارە ژیاننامەی زۆربەی گۆرانیبێژەکانم بە وێنەوە بەناوی (موسیقی کرد) کۆکردۆتەوە و لە (فرهنگ مردم) لە شاری تارانە، زۆربەی گۆرانیبێژەکانی تێدایە، هەر گۆرانیبێژێک نوێنەری ناوچەیەکە، تۆ ئەگەر بتەوێ مۆسیقای ناوچەی هەورامان بناسیت دەبێ (عوسمان کێمنەیی) بناسی، ئەگەر بتەوێ مۆسیقای ناوچەی منمی و گەڵواخی بناسی، دەبێ (عەتائوڵڵا سەعید مەنسوور) بناسی، ئەگەر بتەوێ مۆسیقای مەهاباد بناسی، دەبێ (محەمەدی مامڵێ) بناسی، ئەگەر بتەوێ مۆسیقای ناوچەی بۆکان بناسی دەبێ (حەسەن زیرەک) بناسی، ئەگەر بتەوێ مۆسیقای ناو دەروەند بناسی، دەبێ (ئەولەزیز) بناسی، یان ڕەمەزان کەلیای، هەروەها گۆرانیبێژی گەورەی وەک سەید عەلی ئەسغەر، یان گۆرانیبێژەکانی تری ناوچەی سنە وەک: باقر سیا، مەهدی حوجەتولسادات، نەورۆزی، نەوبەری، هۆشەنگ شگرف، ئیسترحامیان و زۆر کەسی تر کە ناویانم لەبیر نەماوە.

ڕامان: ئەی بۆ خۆت چ ناوچەیەکت داناوە؟

عەباس کەمەندی: من بۆ خۆم ناوچەم دانەناوە، بۆ سنەش بتەوێ (مەزهەری خالقی) هەیە.

ڕامان: زۆرجار دەبیستین پێش ئەوەی شیعرەکە هەبێ، ئاواز دادەنرێ، دواتر دەچن شیعرێکی بۆ دەهۆننەوە، یان بۆی دەدۆزنەوە تا لەسەر ئاوازەکە بیگونجێنن، تۆ ئەو جۆرە کارکردنەت پێ چۆنە؟

عەباس کەمەندی: نا ئەوە جوان نییە، ئەگەر شیعرەکە هەبێ و لەسەر شیعرەکە ئاهەنگێک (ئاوازێک) دابنێن ئەوە جوانترە. لانی کەم ئەو هەستە بەو ئاوازدانەرە دەدات، ئاهەنگێک دانێ لەگەڵ ناوەرۆکەکەی بێتەوە، ئەو ڕێگایەی تۆش باست کرد دەبێ، بەڵام ئیتر ئەوە دەوەستێتە سەر بیرۆکەی شاعیرەکە کە لەسەر ئاوازەکە چی بنووسێ.

ڕامان: وەک گۆرانیبێژێک بە بیروڕای تۆ نەمربوونی گۆرانییەک لەچیدا دەبینی؟ هەندێک گۆرانی هەیە سی چل ساڵە گوتراوە، ئێستاش گوێی دەدەیەی لێی بێزار نیت.

عەباس کەمەندی: ئەوە هەر ئەوەیە کە ئەو گۆرانیانە لە نەریتێکی کۆنی تۆ هەڵقوڵاوە، بیرەوەریت لێی هەیە، ئاخر بەعزە شتێک هەیە ئێستا منداڵێک لە دایک دەبێ نازانێ، بەڵام شتێک دەکەوێتە دڵییەوە، ئەم کچە (کچەزایەکەی هاتە لامان و ئیشارەتی بۆ ئەو کرد) کە دەبێتە کچەزای من، ئەمە منداڵ بوو بەعزیک گۆرانیمان بۆ دەگرت، یەکسەر گریانەکەی ڕادەگرت، بەعزە گۆرانییەکیشمان دەگرت ئەو دەگریا، ئەوە لەگەڵ ڕوحیدا دەگونجێ، کاتێک لەگەڵ ڕوحی دەگونجێ، کەوایە لەلای دەمێنێتەوە.

ڕامان: بەرهەمەکانت ئەوانەی بەچاپت گەیاندوون و نەگەیشتوونەتە ئەودیو، ئەو کتێبە چاپکراوانەت کامانەن؟

عەباس کەمەندی: تائێستا زۆربەی کتێبەکانم بەداخەوە چاپ نەبوون.

ڕامان: ئەوانەی چاپ کراون کامانەن؟

عەباس کەمەندی: چاپەکان بەربڵاو و پەرتن، کتێبێکم لەسەر پاڵەوانانی کورد چاپ بوو، نزیک سی و پێنج ساڵ لەمەوپێش بوو.

ڕامان: ناوەرۆکەکەی سەبارەت بە چ بوو؟

عەباس کەمەندی: وەرزش و سەرگوزشتەی وەرزشی باستانی کوردستان.

ڕامان: دیارە بە زمانی فارسی بووە؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ بە فارسی بوو. دوایی ژیاننامەی سەید عەلی ئەسغەر، پاشان جزوەیەکم (مەلزەمە) بوو بەناوی هەورامان دەرچوو، بەڵام ئەوانەی چاپ نەکراون و لە داهاتوودا چاپ دەبن زۆرن.

ڕامان: ئەی بۆچی باسێکی ڕۆمانەکانت ناکەیت؟ بیستوومە چەند ڕۆمانێکی دەستنووسیشت هەیە؟

عەباس کەمەندی: ئەوانەم زیاتر بە فیلمنامە نووسیوە، چوار بەرگی فیلمنامە زیاتر لە هەزار لاپەڕە بوو بردمە سلێمانی، ئەویش بوو بەهیچ، یانی ئەوە نەبوو کە من بیرم لێ دەکردەوە. هێنامنەوە بەخۆم لەسەر بەشێکیان کارم کردووە، یەکێکیان (زەهر ئەفعا)یە و (ژیاننامەی حوسێن گوڵزاری کرماشایی)یە بەناوی (زەهر ئەفعا - ژاری حەفی)، یەکێکیان (سەنجەرخانە) کە یەکێک لە سەردارە گەورەکانە، یەکێکیان (پس کوچەهای سسندج - کۆڵانە کورتەکانی سنە). جارێ ئەو سێ دانەیەم بە دەستەوەیە، ئیتر فیلمنامەم زۆرە.

ڕامان: وەک ئاگادارین ئێوە کاری تەلەڤزیۆنی لە جۆری

پرۆژەی گەورەی فیلمی ئەڵقەییت کردووە، سەبارەت بەوە قسەمان بۆ بکە؟

عەباس کەمەندی: ڕاستییەکەی ئەوەیە من سیناریۆی زۆرم نووسیوە و هەوڵی زۆرم لەو بوارەدا داوە، یەکێک لەو کارانە پرۆژەی (پاڵەوان پەمە) بوو. ئەوە شتێکی فۆلکلۆری کوردییە کە من کارم لەسەر کرد و شتەکە لەلای من گەورەتر کراو زۆر شتی پێ زیاد کرا، من چەند جار پێشنیارنامەی ئەوەم بە تەلەڤزیۆنی ئێران دا، بەڵام حازر نەبوون بیبەنە بەر کامیراوە. دیارە ئەم کارانە بەپێی تاقم و دەستەیە و دەروازەی وا لە هەموو کەسێک ناکرێتەوە، هەر بۆیە هێنام دامە تەلەڤزیۆنی سنە، لە کاتی بەرپرسیاریەتی ئاغای پیریایی قبووڵیان کرد، بەڵام کێشەیەکی زۆر گەورە لە ئارادا بوو، کێشەکە بریتی بوو لەوەی کە ئەم فیلمە چەند بەشییە پێویستی بە چوار سەد کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی هەبوو، بۆیە دەبوایە بودجە و پارەیەکی گەورەیان بۆ تەرخان کردبا کە لە ئاستی دەسەڵاتی ماددی سنە بەدەر بوو. من تەدبیرێکی تازەم نواند و وتم کارەکە لەجیاتی مرۆڤ، بە وەویلکە ساز بدرێت، ئنجا هاتم بۆ ماوەیەکی درێژ خەریک بووم و هەموو چوار سەد وەویلکەی چیرۆکەکەم ساز کرد و لە ماوەی (٣) ساڵدا لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجدا هەوڵم دا تەواوی بکەم. ئێمە لەبەر واوڕێکی (٣) لە واتا لە مەتردا (٢) شار و (٢) گوند و مەیدانی شەڕ و کۆشکمان سازکرد، بەرهەمەکە لە بەشی (٢٠) خولەکیدا بڵاو کرایەوە. وەویلکەکان هەر کامەیان (٢٠) سانت باڵایان بوو، دەموچاویان دەجووڵایەوە و بە گشتی کارێکی باش دەرهات و من پێم وایە ئەگەر لە سەردەمی بەر لە هوروورژمی ئانیماسیۆن و فیلم کارتۆنی مۆدێرنی ئەمڕۆدا ساز بکرایە، پێشوازی زۆرتری لێ دەکرا. بە گشتی (٣٢) ملیۆن تمەن پارە بەو کارە درا، بەڵام کەم بوو، من (١٠) ملیۆن پاشەکەوتی خۆم خستە سەر ئەو پارەیە و عەزیەتی زۆرم کێشا. بڕیاریان دابوو پارەیەکی تر بدەن و زەرەرەکە قەرەبوو بکەنەوە، بەڵام پیریایی لابرا و ئەم شتە نەکرا.

ڕامان: ئەی هاوسەرت لە ڕێگای چالاکی هونەریی تۆدا چی بۆت کردووە؟

عەباس کەمەندی: هاوسەرم ئافرەتێکی خوێندەوار و تێگەیشتووە، هاوڕێیەکی باش بووە، منی تەحەمول کردووە و پاڵپشتم بووە.

ڕامان: باشە پێت خۆش بووە منداڵەکانت بێنە ناو دنیای هونەرەوە؟

عەباس کەمەندی: نەخێر قەت پێم خۆش نەبووە و هانم نەداون.

ڕامان: ئەی خوێندنەوەت چۆنە؟ زۆر دەخوێنیتەوە و بەدڵی خۆتە؟ ئاشنایەتیت لەگەڵ کتێب زۆرە؟ یان ئێستا بەهۆی تەمەن و نەخۆشی کەم بووەتەوە؟

عەباس کەمەندی: جاران زۆر بوو، ئێستا بڕێک بخوێنمەوە سەرم دێشێ، چونکە ئەو چاوەم نابینێ، ئەو چاوەی دیکەشم بڕێک دەبینێ، دەبێ ئەو عەینەکە بکەمە چاوم، ئەو زەرەبینەش ئازارم دەدات.

ڕامان: وا دیارە پێشتر ڕۆمانی زۆرت خوێندۆتەوە؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ زۆربەی ڕۆمانەکان و سەفەرنامەکانم خوێندۆتەوە، چونکە حەزم لە سەفەرنامە بوو.

ڕامان: کام سەفەرنامەیە زۆر سەرنجی ڕاکێشاوی؟

عەباس کەمەندی: هەموو سەفەرنامەکان، تۆ ناتوانی بڵێی کامەیان زۆر خۆشە.

ڕامان: گەڕیدە فەرەنسییەکان، یان ئینگلیز و ئیتاڵیاییەکان..

عەباس کەمەندی: بەڵێ سەفەرنامەی جاکسۆن، سەفەرنامەی دیالافوا.

ڕامان: ئێستا ئێمە ڕۆمانەکانی تۆمان نەخوێندۆتەوە، تا باری سەرنجێکمان لەلا دروست بکەن، بەڵام خۆت وەک خوێندەوارێک کە ڕەخنەگری خۆتی و دەتوانی خۆت هەڵیانسەنگێنی، پێت وایە وەک گۆرانییەکانت شێوە و ستایلی تایبەتی خۆتیان پێوەیە و سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ، بەڵێ شێوەی تایبەتی خۆم لەو ڕۆمانانەدا هەیە.

ڕامان: یەکێک لە گرفتەکانی نووسینی کوردی زمانە، تۆ یەکێک لەو کەسانەیت کە زۆر بایەخت بە زمان داوە، نووسینت لە بارەی زمانی کوردییەوە هەیە؟

عەباس کەمەندی: نەخێر نیمە، من هیچم لەسەر زمان نەنووسیوە، بەڵام من ڕیشە و بنەچەی وشە و شوێنێکی زۆرم ساغ کردۆتەوە و پێم وایە کارێکی گرینگم کردووە، بۆ نموونە وشەی (پیرومەر) من پێم وایە (پیرهۆمێر)ـە،

ئەو کـارەش ئاسـان نیـیـە، یان نەورۆز کە باسی کـاوەی ئاسنگەر دەکـــەن، نەورۆز هیـچ پێـــوەندی بە کـــاوەی ئاسنگەرەوە نیـیـە، لەوانەیە (کـاوە) لە نەورۆزدا بەسـەر (زوحاک)دا سەرکەوتبێ، بەڵام نەورۆز زۆر لەو چیرۆکە کۆنتـرە و فەلسەفەی تایبەتی خۆی لە پشـتـە، بۆ نموونە سفرەی حەوت سین کە سـوپاس کـردنە لە ئەهورامـەزدا، چون لە زمـانی پەهلەویدا خـۆ نالێن (مـقـدس) دەڵێن (سپەند)، چونکە بە (سین) دەست پێدەکـات، دەڵێن لە چوارشەمە سـووریدا، خێـر و شـەڕ دابەش دەکرێ، شـەش فریشتەی شەڕ و شەش فریشتەی خێر دێنە سەر زەوی و خـێـــر و شـــەڕ دابەش دەکـــەن، لە نـاوەڕاســتی هەردوو شـــەشـــەکـــەدا فـــروهەر هەبوو، دیارە لە هەر لایەکـــەوە بژمـێـردرێت ئەو هەر دەبێـتـە حـەوت، هەر بۆیە حـەوت ژمارەیەکی پیرۆزە. خودای خۆشەویستی و مێـهر بوو، دوایی کاتێک حەوت سینییان دادەنا، سێزدەبەدەر یانی ئەو سـێـزدە نەفـەرە، ئەو دوو شـەشـە و فـروهەر پێکەوە بوون، دوایی حـــەوت سین ســـوپاس کـــردنە لە حـــەوت پیـرۆزەکە. ئەو شتـانە هەمـوویان پێـوەندییـان بە ئایینی زەرتوشتەوە هەیە و گشـتی لەناو مێژوودا ون بوون، من یەک بە یەکیانم ساغ کردۆتەوە.

ڕامان: ئەو کـارانەت کاری گـرنگن، بۆچی نەتکردوون بە کتێب؟

عەباس کەمەندی: نا نەکراون، بەڵام دەکرێن، یەکێک لەو کارانەم ئەو کەسەی کە بڵاوی دەکاتەوە لەگەڵ خۆی بردوویەتی کـتـێـبـێکە بەناوی (تاریخ بی تکلف) هەر ئەوانەیە، ئەو شتانەی باسم کردن.

ڕامان: تۆ وتت من شیـعـر بڵاو ناکەمەوە لەبەر ئەوەی زۆر کەس خۆی دەکاتە خاوەنی، وەلێ دەکرێ هەندێک لە نووسینەکانت جار بە جار لە گۆڤارێک، یان لە شوێنێکدا بڵاو بکەیتەوە.

عـەباس کـەمـەندی: بەڵێ دەبێ، بەڵام من دەرەتانی ئەوەم نەبووە، ئەوەندە گرفت و دەرد و نـاڕەحەتیم دیتـووە کە ئەو شتانەم بۆ بوونەتە هیچ، یانی پەشیمان ببوومەوە لەوەی کاتی خۆم بۆ تەرخانی پارە پەیدا کردن نەکردووە و هاتووم کاری فەرهەنگی دەکەم، کاری فەرهەنگی چی بۆ من تێدایە، بێجگە لە زەرەر نەبێ، ئەگەر ئەوانەم پێشـتـر نەکردبایە، ئێستا تاقەتی ئەو کارانەم نییە.

ڕامـان: وەک دیارە زیـاتر بۆ خـودی خـۆت حـەزت لە هونەر و نووسین کردووە؟

عەباس کەمەندی: بەڵێ کارم بۆ دڵی خۆم کردووە. جار بەجـار لەسـەرمی داوە کـە هەمـووی بەرمـە سـووچێک و ئاگریان تێپەردەم.

ڕامـان: نا شـتی وانەکەی، کـافکا وەسـیـەتی کـرد و سووتاندنی بەرهەمەکانی بە هاوڕێیەکی خۆی سپارد، ئەو هاوڕێیـەی مـاڵی ئاوا بێ بە قسـەی نەکرد، گـوتی باشـە دەیانسووتێنم و دواتر نەیکرد.

عـەباس کەمەندی: دایکم قسـەیەکی نەسـتەقی دەگوت زۆر حەزم لێیەتی، دەیگوت قابلەمەیەک بەشی منی تێدا نەبێ، بێڵە با کەللەی سەگی تێدا بکوڵێنن.

ڕامان: ببـوورە توخوا ئاوا قسـەت لەگەڵ دەکـەم، بەڵام لەوەناچێ بەخۆشت هەوڵت دابێ ئیش بۆ خۆت بکەی؟

عـەباس کـەمـەندی: ئاخـر ئیـشی چی بکەم؟ کـاری من نووسین بووە، کـاری من هونەر بووە، کـە لە هونەرەکـە شـتـێک بە من نەگـەیشت. من پەیامم نارد بۆ کەسـێکی دەسترۆیشتوو پێم وت من سوالکەر نیم، من جگە لە خوا بۆ کـەس دەست درێژ ناکـەم، لە ئێـران بایکۆت کـراوم، قـەرزدارم، قـەرزدار گـوشـاری بۆ من هێناوە، کـارێکم بدەنێ، من کارێکی جوان پێشکەشی ئێوە بکەم، ئێوەش پارەیەکم بدەنێ تا کێشە ئابوورییەکەم چارەسەر بکرێت. لە سـەفـەرنامـەی سلێـمـانی هەمـوو شـتـێکم تێـدا باس کردووە، ئینشائەڵلا دەیخوێنیتەوە.

ڕامان: ئەو سەفەرنامەیەتان زۆری ماوە چاپ ببێ؟

عـەباس کەمەندی: چاپی دەکەوێتە دوای مـردنی من، چونکە من حەز ناکەم نانی کەس ببڕم، بەڵام ئەو برادەرەی منی بردە سلێـمـانی، دەبێ لە بەرانبـەر هەمـوو نەتەوەی کورددا وەڵام بداتەوە.

ڕامان: کێ بە مامۆستای خۆت دەزانی؟ نموونەی باڵای تۆ لە ژیانی ئەدەبی و هونەریتدا کێیە؟

عـەباس کـەمـەندی: من سێ مـامـۆسـتـام هەیە، یەکـەم حـافـز، دووەم سـائیـبی تەبریزی، سێ کـابرایەک بەناوی مەلا محەمەد ڕەشتی ناسراو بە نەسیمی شومال.

حافز دەڵێ:

شکوه تاج سلطانی کەبیم جان در او درج است
کلاهی دلکش است اما بەدردسر نمی ارزد

دەڵێ: شکۆ و شـانازی تاجی پادشایەتی کە لەگەڵیدا ترسی مردن هەیە، کڵاوێکی سەرنجڕاکێش و جوانە، بەڵام

بایی و هێندەی دەردەسەرییەکەی نییە. دوایی وتم سائیب دەڵێ:

بر تواضع های دشمن تکیەدادن ابلهیست
پای بوسان سیل ازپا افکند دیوار را

یانی: دوژمن ئەگەر سەری بۆ شۆڕ کردی و خۆی بچووک کردەوە باوەڕی پێ بکەی، پێی دەڵێن گێلێتی، هەروەک چۆن لافاو کە دێ بە ماچ کردنی بنی دیوار، دیوارەکە دەڕووخێنێ. مەبەستم ئەوەبوو هێندە باوەڕ بەم کەرکۆڵە مەکە، چونکە لە پشتە سەرت قسە دەکات، دوایی نەسیمی شومال دەڵێ:

آسته برو آسته بیا
که گربه شاخت نزنه

یەکێکی دیکەش هەیە دەڵێ:

آنکه شیران را کند روبه مزاج
احتیاج است احتیاج است احتیاج

یانی: ئەوەی کە شێر دەکات بە ڕێوی، ئیحتیاج و نیاز و پێداویستییە، دەنا نابێ بە ڕێوی و شێرە.

ئەو شیعرەی کەش دەڵێ: هێواش بڕۆ و هێواش وەرە با پشیلە شاخت لێ نەدا، جا شاخی پشیلە خەتەرە، چونکە وەک گا نییە دیاربێ، لێت دەدا و نازانی چ بوو.

ڕامان: زۆر کەس هەوڵیداوە مێژووی مۆسیقای کوردی بنووسێتەوە، هەریەکەیان لە مێژوویەکەوە دەستیان پێکردووە، بەلای تۆوە مۆسیقا پێش گۆرانییە، یان گۆرانی پێش مۆسیقایە؟ ئەو مێژووە لە کەیەوە دەست پێدەکات؟

عەباس کەمەندی: من پێم وایە مۆسیقا بەر لە گۆرانی هاتبێ، چونکە مۆسیقا دەنگی بایە، بارانە، ئەوکاتە مرۆڤ گۆرانیشی نەگوتبێ مۆسیقاکە هەبووە.

ڕامان: ئەی بۆ نووسینەوەی مێژووی مۆسیقا و پاشان گۆرانی کوردی بەڕای تۆ لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

عەباس کەمەندی: بەخوا من نازانم، بەڵام دەبێ هەر لەو دەنگی باوبارانەوە دەست پێبکەین.

ڕامان: مەبەستم مۆسیقای خۆمانە.

عەباس کەمەندی: مۆسیقای کوردی؟

ڕامان: بەڵێ.

عەباس کەمەندی: کورد مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، ئێمە چونکە موسوڵمانین، دەبێ هەر باوەڕمان بە مێژووی شەش هەزار ساڵەی دایە حەواو بابە ئادەم هەبێ، ئەگەر باوەڕ بەوە بکەین ئیتر دیارە، بەڵام ئەگەر مێژووی ڕاستەقینەمان بوێ ئەوە شتێکی ترە، ئێستا لە ئەشکەوتەکانی کرماشان کەرەسەی ڕاوکردنی مرۆڤیان تێدا دیوەتەوە کە هی چل ملیۆن ساڵ لەوەپێشە، ئیتر بە کامەیان باوەڕ بکەین؟

ڕامان: خۆیندنی تۆ لە چ بوارێکدا بووە، تکایە باسێکی ئەوەمان بۆ بکە؟

عەباس کەمەندی: من ئەدەبیاتم خوێندووە.

ڕامان: زانکۆت تەواو کردووە و لەوێ خوێندووتە؟

عەباس کەمەندی: نا.. من تا دیپلۆمم خوێندووە، مەبەستم ئەوەیە من (١٢) ساڵم خوێندووە کە دەکاتە دەرچووی دواناوەندی.

ڕامان: من پرسیارم زۆرە، بەڵام بۆ ئەمڕۆ ئەوەندە بەسە، چونکە ماندووم کردی، ئەمەیان لە ژمارەیەکی گۆڤاری ڕاماندا بڵاو دەکەینەوە، بەڵام لە ئایبندەدا پرسیاری دیکەمان دەبێ.

عەباس کەمەندی: سوپاس... بەخێر بێن.

سەرنج:

ئەم چاوپێکەوتنەم لەگەڵ هونەرمەند عەباس کەمەندی کە لەسەر چەند نەوارێک تۆمار کردبوو، یەکێک لە نەوارەکان گرفتی تەکنیکی بۆ دروست ببوو، سوپاسی برامان جیهانبەخش کۆیی دەکەم کە ئەو گرفتە تەکنیکییەی بۆ چارەسەر کردم.